Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.3.3

# سۆسیۆلۆژیای شیعری بە نموونەی شیعرەکانی (قانع)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Srusht Jawhar Hawez
Srusht.jawhar@koyauniversity.org

**سروشت جەوهەر حەویز/** بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق.

RECEIVED :04 /02/2025
ACCEPTED :19/06/ 2025
PUBLISHED :15/06/2026

**پوختە**

سۆسیۆلۆژیای شیعری بە نموونەی شیعرەکانی (قانع) هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی شاعیر بەپێی رەهەندی سۆسیۆلۆژیای شیعری، بۆیە بە بەردەوامی مامەڵە لەگەڵ نوسەر و دەق و خوێنەردا دەکات، بەوەی کۆمەڵ کار لە نوسەر دەکات، نوسەریش کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەیە، گرنگی توێژینەوەکە خۆی لە گرنگی سۆسیۆلۆژیای شیعری لای شاعیر و هۆکارەکانی وێناکردن و چۆنیەتییەکەی و بەکارهێنانی لە شیعرەکانیدا دەگەڕێتەوە، هەروەها دەرخستنی پانتایی مەعریفی سۆسیۆلۆژیا لە شیعرەکانیدا، وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی و بەئاگای سەردەمی خۆی توانیویەتی بەپێی قۆناغەکان بەرپرسیارانە بەرامبەر بە ویژدان و کۆمەڵگەکەی هەنگاوبنێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەش بۆ رۆڵ و گرنگی سۆسیۆلۆژیای شیعری و رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە شیعرەکانی شاعیردا دەگەڕێتەوە، کەلە رێگەیەوە رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ، بەتایبەتی لەو قۆناغ و سەردەمەی شاعیر تێیدا ژیاوە، ئامانج لەم توێژینەوەیەدا دەرخستنی گرنگی و بنەماو رەهەندەکانی سۆسیۆلۆژیاو کاریگەری لەسەر شاعیرو رەنگدانەوەی لە شیعرەکانیداو خستنەڕووی رۆڵی سۆسیۆلۆژیا لە شیعرەکانی (قانع)دا، لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی رێبازی مێژوویی رەخنەیی کراوە. هەروەک لە ئەنجامەکان بۆمان دەرکەوتووە سۆسیۆلۆژیای شیعری گەڕانە بەدوای پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، دەیەوێت هۆشیاری دەستەو چینە کۆمەڵایەتیەکان دیاری بکات. لەم رووەوە شاعیر لە کۆمەڵەکەی دانەبڕاوە، بۆیە هەمیشە هەست بە زیندویەتی کارەکانی دەکرێت و توانیویەتی پەیامەکەی بگەێنێتە وەرگر

**وشە سەرەکییەکان:**
سۆسیۆلۆژیا،
شیعر،
قانع،
کۆمەڵ،
ژینگە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی:

ئەدەب لایەنێکی زیندو و گەشەسەندوی ژیانە، لەژێر کاریگەری کۆمەڵدایەو نوسەران و هونەرمەندانیش وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی و هۆشیارو بەئاگای سەردەمی خۆیان توانیویانە بەپێی قۆناغەکان هەنگاوبنێن و لە ئاستی پێشهاتەکاندابن، واتە کۆمەڵ کار لە نوسەر دەکات، نوسەریش کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەیە، بۆیە درک بەڕۆڵی شاعیر دەکەین، لە گرنگیدان و تێگەیشتن و هەستکردن بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕادەی بەدەنگەوە چوونی ئەدیب بۆ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە، شاعیر پەیوەست دەبێت بەواقیعی کۆمەڵەکەی و بە بیرو هزرێکی سەربەخۆیانە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی لە هەر قۆناغێکی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا بێت، ئەمەش لە هەستکردنی بەبەرپرسیاریەتی بەرامبەر ویژدان و کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی، سۆسیۆلۆژیای شیعریش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی لە ناوەرۆکی دەقی ئەدەبی دەیەوێت هۆشیاری دەستەو چینە کۆمەڵایەتیەکان دیاری بکات، بەمەش ڕۆڵی ئەدەب لە کۆمەڵدا دەردەکەوێت، لە سۆسیۆلۆژیای شیعریدا شاعیر وێنای هەستە ناوەکیەکانی دەکات و ڕەنگدانەوەی پێدەدات لە دەرەوە بە شێوەیەکی هونەری بەرز ، بەمەبەستی جوڵاندنی لایەنە پێکراوەکان لە وەرگردا. سۆسیۆلۆژیای شیعری گەڕانە بەدوای پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگەو دۆزینەوەی ئەو کاریگەری و کارلێککردنەی لە نێوانیاندا هەیە ، لێرەدا دیاردەکانی خەسڵەتی سۆسیۆلۆژیا لە شیعری کوردیداو شیعرەکانی (قانع[1]) بە نموونە، ڕاستەوخۆ ئەو بوارە لەبەردەم لێکۆلینەوەکەماندا دەکاتەوە. (سۆسیۆلۆژیای شیعری بە نموونەی شیعرەکانی (قانع) هەوڵێکە بۆخوێندنەوەی شیعرەکانی (قانع) بەپێی ڕەهەندی سۆسیۆلۆژیای شیعری، بۆیە بە بەردەوامی مامەڵە لەگەڵ نوسەر و دەق و خوێنەردا دەکات.

**سنوری توێژینەوەکە:** تایبەتە بە چەمکی سۆسیۆلۆژیا لەشیعردا و لەچوارچێوەی شیعرەکانی (قانع)دا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرخستنی بنەماو ڕەهەندەکانی سۆسیۆلۆژیاو کاریگەری لەسەر شاعیرو ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیداو خستنەڕووی ڕۆڵی سۆسیۆلۆژیا لە شیعرەکانی (قانع)دا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی مێژوویی ڕەخنەیی کراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** جگە لەم پێشەکییە لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی وعەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا باس لە چەمک و زاراوەو مێژووی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵ و ئایدیۆلۆژیاوەو سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لە شیعری شاعیردا کراوە، دواتریش باس لە ڕەهەندە سۆسیۆلۆژی و ڕەخنەییەکانی (قانع)، سەبارەت بەکۆمەڵ کراوە.

### 1- سۆسیۆلۆژیای ئەدەب

### 1- 1- چەمک و زاراوەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب

مەبەست لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، وەکو زانستێکی مرۆڤایەتی و ڕێبازێکی مەعریفی کار لەسەر کۆمەڵ دەکات، (زاراوەی سۆسیۆلۆژیا لەدوو بەش پێکهاتووە یەکەمیان Societies بەمانای کۆمەڵ و دووەمیان Logy بەمانای زانست دێت، هەردوو برگەکە مانای ئەو زانستەیە، لەژێرخان و میکانیزمی کۆمەڵ بەهەموو ڕەوشەکانیەوە

---

1.[1] قانع ناوی تەواوی (محمد کوڕی شێخ عبدالقادر کوڕی شێخ سەعیدی دۆلاشییە)، باوکی لە شێخانی کۆنەپۆشی شاری مەریوان بووە، دوای ئەوەی دەربەگەکانی ناوچەی مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باوکی ئاوارە دەکەن و مڵک و ماڵیان داگیردەکەن و دەربەدەردەبن، لە (15ی ئەیلولی 1898) لە ئاوایی ڕیشێن لە بناری شارەزوور لەدایک دەبێت، لەگەڵ لەدایک بوونی لە تەمەنی چل ڕۆژیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات، دواتر کاتێ پێدەگرێت، واتە لەتەمەنی ساڵ بۆ دوو ساڵی دایکیشی دەمرێت، واتە لەسەرەتای ژیانی لە زەمینەیەکی دەربەدەری و پڕ لە کوێرەوەری دەستی پێکردووە، سەرەتای خوێندنیشی بەهۆی خزمێکیانەوە کە ناوی (سەید حسێن)ە لە دێی چور لەناوچەی مەریوان دەچێتە بەر خوێندن لە حوجرە دەبێتە فەقێ لە سوختەوە دەستپێدەکات و هەر لەوکاتەشەوە دەستی بە شیعر خوێندنەوەکردووە، بۆ خوێندن چەندین شوێن لەکوردستان گەڕاوە، دواجار دەچێتەوە مەریوان دواقۆناغی خوێندنی لەوێ تەواودەکات، لەسەرەتای لاوێتیدا دووچاری نەخۆشی تەنگەنەفەسی دەبێت. ئەو بارودۆخە ناهەموارەی شاعیر تێیدا ژیاوە وای لێکردووە شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگاکەی بێت، دوای ئەوەی ژیانی هاوسەری پێکدێنێ، لە شاری سلێمانی نیشتەجێ دەبێت، وەکو مامۆستا وانەی کوردی دەڵێتەوە، دواتر بەهۆی ئاڵۆزی ناوچەکەوە، لە ساڵی (1963) دەڕۆنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر سنور لەگەڵ وریای کوڕی دەگیرێن و دەکەونە بەندیخانەوە، دوای ئەوەی لەبەندیخانە دێنەدەر دەچێتەوە ناوچەی پێنجوێن و لە دێی (لەنگەدێ) لەناوچەی شلێر نیشتەجێ دەبێ، تا لە (7\5\1965) لە تەمەنی (67) ساڵی بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە کۆچی دوایی دەکات، هەر لەودێیە لە گۆڕستانی شێخ ئەورەحمان نێژراە (قانع: 1396: 3-15).

دەكۆڵێتەوە) (کەریم،2005: 13)، سۆسیۆلۆژیا کارکردنە لەسەر کۆمەڵ لەڕۆژگاردا بۆ دەرخستنی واقعی کۆمەڵ، لێکۆڵینەوەیە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، واتە مەبەستی سەرەکی لەسۆسیۆلۆژیای ئەدەب پەیوەندی نێوان کۆمەڵ و ئەدەبە، بەوەی کۆمەڵگەیە ئەدەب دادەمەزرێنێ و وەسفی دەکات، کەواتە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب ((ئەو زانستەیە، کە لەبنەڕەتدا لەپەیوەندی نێوان فیکر و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە))(احمد،1977: 7) ئەویش لە ئەنجامی دەرخستنی ئەو گیروگرفتانەی کۆمەڵ و پیشاندانی لە قاڵبێکی ئەدەبی و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان.

سۆسیۆلۆژیای ئەدەب ((ئەگەر هاتوو ئەو بەرهەمە ئەدەبییە چارەسەری کێشەیەکی ئابووری یان ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی بکات، واتە لە زۆربەی کاتەکاندا چارەسەری ئەو بابەتانە دەکات، کە جێگەی گرنگی و بایەخی ڕای گشتییە لە سەردەمی خۆیدا )) (وهبة،1974: 525)، واتە لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا، لە ئەنجامی دەرخستنی ئەو کێشانەی واقیع لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا، دەبێتە چارەسەرێک بۆ کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵ ، لە هەمان کاتیشدا پێویستە لەسەر ئەدیب بابەتەکەی سەردەمیانە بێت بۆ واقیع ، بەمەبەستی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ- واتە پێوەندییەکی پتەو لە نێوان نوسەرو کۆمەڵدا هەیە ، نوسەر وەک تاکێک لە کۆمەڵ لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە گوزارشت لەحاڵەتەکانی ناخی دەکات، کە ئەو بەرهەمەی دەینوسێ ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی ناو کۆمەڵە لە بەرهەمە ئەدەبییەکەیدا. واتە کێشەکانی نووسەر کێشەکانی کۆمەڵە کێشەی کۆمەڵ هی نووسەرە، چونکە نوسەر ناتوانێت بێ کۆمەڵ بنوسێت، داوای ویژدانی جێبەجێدەکات، سەربەستە و پەیوەستە بەواقیع، ئەم شتانەی کە لە کۆمەڵەکەیدا هەیە باسیان دەکات و ڕەخنە لە خراپییەکانی دەگرێت و بەمەبەستی چارەسەر یا هەندێ ڕێگا چارەش دەدۆزێتەوە، لێرەدا کۆمەڵ و واقیع دەبێتە کەرەستەی خاو و سەرچاوەو ئیلهام بۆ نووسەر، واتە نووسەر گرێدراوی کۆمەڵە، ڕەنگدانەوەی حاڵەتەکانێتی و گوزارشتی لێ دەکات و هەوڵدەدات بیگۆڕێت. کەواتە کۆمەڵ بەهەموو ڕوویەکانییەوە لەنێو بەرهەمی ئەدەبی دایە، لەمیانەیسۆسیۆلۆژیایەکیش بۆ جەماوەر فەراهەم دەکات.

کەواتە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب هەوڵی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵ و بەرهەمی ئەدەبی دەدات، لە مەسەلەی دەستنیشانکردنی ئەو بەرهەمانەی دەشێن بخرێنە پاڵ کۆمەڵ و ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ کارەکانی (جۆرج لۆکاش) کە هەوڵیدەدا پەیوەندی لەنێوان ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی و وشیاریی کۆمەڵایەتی دروست بکات (کەریم،2005: 48)، کەواتە لەسۆسۆلۆژیای ئەدەب نوسەر ڕەگەزەکانی ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی لە وشیاریی کۆمەڵایەتی بەکاردێنێ.

لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبیدا نوسەر لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و لەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەش دەگەڕێت، کە کار لەڕەفتاری ئەدیب دەکات. واتا دەیەوێت ئەگەرە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردە سایکۆلۆژییەکانی ئەدیب بکاتە بناغەیەک بۆشیکردنەوەی پەروەردەبوون و نەشونما کردنی ئەدگارەکانی نوسەر لەدەقدا، بەوەی نوسەر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە هەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتێکیشی بەندە بە بوونی کۆمەڵایەتییەوە. واتا هاوکێشەی (نوسەر، دەق، خوێنەر) بەمەسەلەیەکی ڕەوا لە هەر پرۆژەیەکی سۆسیۆلۆژی دەبینن. ئەوەش پتەوی ئەو پەیوەندییانە دەخاتەڕوو، کە هەردەقێکی ئەدەبی لە چ ڕۆژگارێکدابێت ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتیی باش و خراپی ئەو ڕۆژگارەیە، بەوەی شاعیر کێشەکان دەخاتە ڕوو، پاشان چارەسەریشیان بۆ دەدۆزێتەوە. ئەوکات شاعیر دەگاتە ئاستی داهێنەرانە بەوەی ڕۆڵ و کاریگەری لەکۆمەڵدادەبێت.

کەواتە ((سۆسیۆلۆژیا لە کاری ئەدەبیدا بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان)) (حجازي،2004: 47). کەواتە ئەو شتانەی، کە لە واقع ڕوودەدەن، نوسەر بە ڕاستگۆیی گوزارشت لە نەهامەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، بەمەش سۆسیۆلۆژیا لە دیدێکی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە ، ئەمەش بەپێی بارودۆخی ژینگەی نووسەر و لە ڕووی کار و کەسایەتییەکەی، دواتر لە ڕێگەی ئەو بابەتانەی وەک چارەسەر دەیخاتەڕوو، ئینجا کاریگەریی ئەو دەقە بۆسەر وەرگرو جەماوەر، بەمەش نوسەرو وەرگر کاریگەری و کارلێک لە دەقە ئەدەبیەکەدا دەکەن، بەپێی پێوەندییەکانی کۆمەڵ، لێکدابڕانی هەریەکێکیشیان دەبێتە هۆی پچڕانی ئەو زنجیرە پێکەوە بەستراوەی کەلە کارە ڕەخنەییەکەدا جێبەجێدەکرێ. لەسۆسیۆلۆژیادا ئەدیب ((وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی بارگاوییە بە کۆمەڵێک بیرو بۆچوون، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەدەب وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و نووسەریش وەک تاکێکی ئەو دەزگایە دەربڕینەکانی زیاتر لە سنووری کۆمەڵدایە و دەبینین زۆربەی مەبەستەکانی پەیوەستن بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی داب ونەریت و ئاکار ...تاد)) (سالح،2012: 35)، واتە تاچەند نووسەر و وەرگر لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا توانیویانە کاریگەری و کارلێک دروست بکەن، بەپێی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵ،

لێرەدا سۆسیۆلۆژیای ئەدەبی بریتییە لە زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو، بە بەشداری هەر سێ لایەنە سەرەکییەکە (نوسەر ، دەق ،خوێنەر) لە کردەی ئەدەبیدا، بۆیە لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا دەبێت ڕەخنە لە چوارچێووە کۆمەڵایەتییەکەدا بێت، چونکە وێنای ئەدیب دەکات، وەک تاکێکی کۆمەڵ، تاوەکو ڕەنگدانەوەی ئەدگارەکانی لە بەرهەمەکانیدا بدۆزینەوە. بەمەش پەیوەست بوونی شاعیر بە کۆمەڵ دەردەکەوێت، ئەدیب لە چوارچێووە کۆمەڵایەتییەکەدا بەرهەمەکەی دەخاتە خزمەتی بەرژەوەندی کۆمەڵ، بەمەش بەرهەمە ئەدەبییەکە زیندوویەتی خۆی لە ئەنجامی کاریگەریکردنە لەسەر کۆمەڵ دەردەکەوێت، هەروەکو چۆن کۆمەڵیش کاریگەریی بەسەرەوە هەیە.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین زۆرێک لە شاعیرانمان لە سەدەی بیستدا بەهۆی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارە لەوانە (دڵدار، بێکەس، قانع، گۆران...هتد) ڕۆڵیان هەبووە لە خستنەڕووی زۆر دیاردە و کێشەی کۆمەڵایەتی سەردەم، وەک دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆیان، لەوانە کێشەی ئافرەت و ململانێی نێوان ئافرەت دابونەریت و کێشەی چینایەتی و هەژاری و چەوساندنەوەو...هتد . هەموو ئەمانەش جەخت لەسەر دانەبڕانی نووسەر لە کۆمەڵدا دەکاتەوە، چونکە دوورکەوتنەوەی نووسەر لە جەماوەر بۆشاییەک دروست دەکات، بەوەی کە نووسەر نەیتوانیوە سەردەمانە لە کۆمەڵەکەی تێبگات، بۆیە لەسەر نووسەر پێویستە ((بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا هەبێت، چونکە ئەم پەیوەندییە وا لە نووسەر دەکات هەمیشە بە ئاگاییەوە لە دەوروپشتی خۆی بڕوانێت، هەست بکات، ئەوان کێن لە چواردەوری )) (حمو،1988: 168 ) لێرەدا، دەگەینە ئەوەی بڵێین: سۆسیۆلۆژیای ئەدەب باس لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ دەکات، واقیعی نالەباری کۆمەڵ دەخاتەڕوو، هۆیەکانی دواکەوتویی دیاری دەکات، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارە، بۆیە ڕەخنە لە دیاردە چەوتەکانی کۆمەڵ دەگرێت و کۆمەڵ هۆشیار دەکاتەوە کاریگەری دەخاتە لەسەر وەرگرو دەی بزوێنێ.

### 1-2- کورتەیەک لە مێژوویی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب

مێژووی سۆسیۆلۆژیا لە ئەدەبدا پەیوەستە بە کێشەو گیروگرفت و بەهاو پێوەرە ئاکاری و ڕەوشتییەکانی کۆمەڵ، بەپێی سەردەمەکان گۆرانیان بەسەردا هاتووە. لێرەدا گەر ((بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵە کۆنەکان ، کە بەچەندین کۆت و داب و نەریت و ڕێسای کۆن و دواکەوتوو تەنرابوون، هەمووی لە خزمەتی چینی فەرمانڕەوا و باڵا دەستدا بووە، بۆیە هەر لەوسەردەمە بەدواوە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی وەکو سۆسیۆلۆژیا و پەیامێکی چاکخوازی بۆ کۆمەڵ تێدایە))(سالح،2012: 44)، ئەو بارودۆخە دواکەوتووە لەو سەردەمەدا پێویستی بە گۆڕانێکی بنەڕەتی هەبوو، ئەمە پێویستی بە شۆڕشێکی گشتگیر و هەمەلایەنە هەبوو، سەرجەم چین و توێژەکانی میللەت تێدا بەشداربن و کۆتایی بەو سیستەمە دواکەوتووە بێنن.

بۆیە گەر بگەڕێینەوە، بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەبینین ((سەرەتای ڕێنیسانسی ئەوروپی دەرکەوت، سەرەتای گەشەکردنی هۆشیاری مرۆڤ بوو بەرامبەر کۆمەڵ و سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی، سەرەتای سەرهەڵدانی چەندین گفتوگۆ بوو لە نێوان بیرمەنداندا لە گشت ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دا)) (ابوشقراء،2005: 51 ). لەو قۆناغەدا چەندین بواری پەیوەست بە ژیانی تاک و کۆمەڵ بوونە سەرچاوەو بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی لەلایەن نوسەرانەوە. لەم قۆناغەدا سۆسیۆلۆژیای ئەدەبی دەستی گەشەسەندن کرد، بەتایبەتی سەرەتا لە ئەوروپا، یەکەم جار(جان باتیست ڤیکۆ) (1668 - 1774) بوو مێژوونووسێکی ئیتاڵییە، گرینگی بە ڕۆڵی شیعر داوە لە شارستانییەتە کۆنەکاندا و هەروەها دەرخستنی پێوەندی نێوان داستانەکان و کۆمەڵە خێڵەکیەکان (الطالب،1993: 168). پاشان وەکو بابەتێکی مەعریفی لەلایەن ڕەخنەگری فەرەنسی (مەدام دیستایل ) (1766- 1817) توانی کتێبێک لە بارەی (پەیوەستی ئەدەب بە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان)ەوە بڵاوبکاتەوە)) (ابوشقراء،2005: 52 ).

پاشان گەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەی نۆزدە دەبینین (کارەکانی مارکس (1818-1883) و ئەنگلز(1820-1895) لە ڕێگەی بیرو بۆچوونەکانیانەوە، کاریگەرییەکی بەهێزیان هەبووە لە پەیوەندی ئەدەب بە کۆمەڵەوە بەتایبەتی، لەسەرهەڵدان و بەرە و پێشچوونی ڕێبازە جیاوازەکانی ڕیالیزم لە ئەدەب و هونەردا، ئەوان چالاکییەکانی مرۆڤیان لەسەر بناغەی دوو ئاست دابەشکردبوو، سەرخان کە ئەدەب و هونەریش دەگرێتەوە، بەڵام ژێرخان بریتییە لە هۆکاری ئابووری و بزوتنەوەی بەرهەمهێنانی ماددی کە کار لە سەرخان دەکات و دەیجوڵێنێ) (سالح،2012: 49-50). ئەمەش چەند لایەنێکی سۆسیۆلۆژیای

ئەدەبی تێدایە، کە ڕۆڵی هەیە لە دەرخستنی کێشەکانی کۆمەڵ و ململانێ جیاوازیەکان، کە پەیوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵەوە هەیە. بۆیە ئەو واقیعە نالەبارەی کەلەو کاتەدا هەبوو، هەر لە نایەکسانی و کێشە و ململانێ چینایەتیەکان لە بەرهەمەکانی زۆرێک لە نووسەرە ناودارەکانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لەروسیا وەک لە بەرهەمەکانی (پۆشکین، گۆرکی...)، کە کارەکانیان ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی کۆمەڵ بوون. پاشان لە بەریتانیاش (کریستۆفرکوریل) (1837-1907) و لە فەرەنساش (لوسیان گۆڵدمان) (1913-1970) کارەکانیان پەیوەندییان بەژیانی واقیعی کۆمەڵ بوو، ڕۆڵیان لە پێشخستنی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا هەبووە (کەریم، 2005: 36-41)- دواتریش لە ئەڵمانیا بەکاریگەری بیروڕاکانی (مارکس و ئەنگلز) ((قوتابخانەی فرانکفۆرت چەندین توێژینەوەی لە بواری ڕەخنەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکی پێشکەش کرد، لەوانە (ئەدۆرنۆ، واڵتەر بنیامین، جۆرج لۆکاش،...) (حجازی،2004: 51).

لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین سۆسیۆلۆژیای ئەدەب بە درێژایی چەندین سەدە و قۆناغە مێژووییەکان لە بەرهەمە ئەدەبی و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان ڕەنگیداوەتەوە، کە ڕووی نوسەرو بەرهەمە ئەدەبییەکەی دەخستەڕوو، بەتایبەتی لە دەرخستنی ژیانی واقیع و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان و...هتد، بەمەبەستی چارەسەرکردن و دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ گرفتەکان.

### 1-3- سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵ و ئایدیۆلۆژیاوە

لەسۆسیۆلۆژیادا ئەدەب پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵەوە هەیە، بەوەی ((مرۆڤ لە سەرەتاییترین قۆناغی ژیانی مرۆڤایەتییدا هەوڵیداوە لە ڕێگای ئەدەب و هونەرەوە لە واقیع تێبگات، چونکە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی واقیع هەنگاوی یەکەمە بۆ کۆنترۆڵکردنی )) (مەحمود،2008: 5)، ئەمەش بە ڕوونی لە ئەدەبی فۆلکلۆردا دەردەکەوێت، کاتێک هەر بزاڤ و چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان لە هەر کات و قۆناغێکدا دەردەکەوێت، بەر ئەنجامی پێشکەوتن و گەشەکردنی قۆناغەکانی کۆمەڵ و واقیعی ژیانە، بۆ نموونە کاتێک باس لە سەرهەڵدانی ڕێبازە ئەدەبییەکان دەکەین، لەوانە ڕێبازی واقیعی، کە گرینگیەکی زۆر بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەدات و کاریگەری ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ دەردەخات. کەواتە پێوەندییەکی بەردەوام و دیالێکتیکی لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵدا هەیە. لێرەدا ئەرکی ئەدیبانە واقیع و خواستەکانی خەڵکی و سەردەم بخەنەڕوو. لەبارەی پەیوەندی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب بە ئایدۆلۆژیاوە، تێڕوانینی شاعیرانە بە واقیعی کۆمەڵگە، ئایدۆلۆژیا (کۆمەڵێک بیروباوەڕە لە هەرسیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و...هتد بەڕادەی تێگەیشتنی مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا) (سەجادی،2001: 58).

لێرەدا شاعیر لە ئەنجامی تێڕوانین و وردبونەوەی لە بارەی کۆمەڵەوە هەڵوێست وەردەگرێت، لە ڕێگەی تێگەیشتنی خۆی و بەو ئەزموونەی ژیانیەوە گوزارشت لە هەڵوێستەکانی دەکات، چونکە نووسەر لەگەڵ ئازارەکانی کۆمەڵەکەیدا دەژی بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی هەمان واقیعە، جەماوەریش لە هەڵوێستی دەگەن، بەمەش ئایدۆلۆژیای نووسەر لە بەرهەمەکەی دا دەردەکەوێت، کە پەیوەستە بە واقیع و کۆمەڵگەکەی تیایدا دەژی، چونکە شاعیران لە ڕێگەی ئەو پەیامەی کەهەیانە دەیانەوێت خزمەت بە دەوروبەرەکەی ببەخشن، بۆ نموونە گەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەی ڕابردوو زۆرێک لە شاعیرانمان لەوانە (گۆران، دڵدار، دلزار...هتد) کە هەڵگری ئایدۆلۆژیەتی مارکسیزم بوون، هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو، کە ئەدەب چەکێک بێت، بۆ بەرگریکردن لە چینی هەژاران.

### 1-4- کارکردنی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لە شیعردا

مەبەستمان لە کارکردنی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لێکۆڵینەوەیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەدەب، بەوەی ((ئەدەب تۆماری بیری پەسەندە)) (ڕسول،1989: 8)، ئەو تۆماری بیرەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و خودییەی شاعیرە لەو سەردەمەی تێیدا دەژی، چ لەڕابردوو چ لە ئێستا چ لە داهاتوودا، هەموو ئەوانەش لە دەقی ئەدەبیدا ڕەنگدەداتەوە، واتە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی مێژووی سەردەمەکەیەتی و کاریگەری بەسەرەوە هەیە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە سیستەمی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، واتە لێکۆڵینەوە لە کاری ئەدەبی (دەق) و نوسەر و خوێنەر واتە هەرسێکیان یەکتری تەواو دەکەن، بەمەبەستی دەرخستنی بارودۆخی ئابووری و کارو ژینگەی نوسەرو دەرخستنی لایەنی سۆسیۆلۆژی و بابەتی دەقەکە ئەدەبییەکە و خوێنەرو ڕاڤەی کارە ئەدەبییەکە لای خوێنەر، بۆ نموونە نوسەر کە بەرهەمهێنەری دەقە، لە

سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا پێویستە ئاگاداری ئەو لایەنانە بین کە پەیوەندیان بە نوسەرەوە هەیە لە چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەیدا، وەک هۆکاری ئابووری و بژێوییەکانی نووسەر ڕۆڵیان لە چۆنیەتی و چەندێتی بەرهەمی ئەدەبیدا هەیە (( لەسۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا ئەدیب پێویستە لە ڕێگەی توێژینەوەکانەوە ئەو وێنە جیاوازانەمان بۆ دەستنیشان بکات و کاریگەری بارودۆخە ئابوورییەکانی نووسەر و ڕەنگدانەوەیان لە کارە ئەدەبییەکاندا بۆ دیاری بکات، هەروەها پێویستە بارودۆخی پیشەیی نوسەریش بزانرێت)) (یسین،2007: 100).

هەروەها چینی کۆمەڵایەتی شاعیریش پێویستە بزانرێت، چونکە لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی شارەزامان دەکات، شاعیر زیاتر پەیوەست دەبێت بەو واقیعەی تێیدا دەژی و بە ژینگەو دەوروبەرەکەی، بەمەش ڕەنگدانەوەی کاریگەری چینەکەی لە کارە ئەدەبیەکاندا ڕەنگدەداتەوە، جگە لەوەش لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا ساڵی چاپ و بڵاوکردنەوەی شیعرو ئەو سەردەمەی کە شاعیر شیعرەکەی تێدا نوسیوە گرینگە، چونکە بەم کارە کۆمەڵێک زانیاری وەدەست دێنین، کە یارمەتیدەرە بۆ ناسینی شاعیرو نەوە ئەدەبییەکان و دەستنیشانکردنیان، واتە پێویستە سەرجەم ئەو هۆکارانە لەبەرچاو بگیرێ کە ڕۆڵیان لە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا هەیە.

ئەگەر هاتوو زانیاریمان دەربارەی ئەو لایەنانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا ناڕوون بوو، ئەوا پێویستە پشت بەدەقە ئەدەبیەکە ببەستین، ئەویش بە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای بابەتی کارە ئەدەبییەکە، بۆ نموونە چۆن لە سەدەی ڕابردوودا لە ئەدەبی کوردیدا لە ساڵانی سییەکان و چلەکان بەهۆی پێویستی واقیعەکەو بارودۆخە سیاسییەکە، بابەتی (کێشە کۆمەڵایەتییەکان) لەبەرهەمە ئەدەبییەکان ڕەنگیدابوویەوە، وەک بابەتێک بە بارەکۆمەڵایەتییەکەی ئەو کات پەیوەست بوو، لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای بابەتەوە، دەتوانین لایەنە ناڕوونەکانی کارە ئەدەبیەکەمان بۆ ئاشکرابێت و ئەو پەیوەندیەی نێوان دۆخە کۆمەڵایەتیەکە و بابەتە ئەدەبییەکە بدۆزینەوە. لێرەدا لێکۆڵینەوە لە سۆسیۆلۆژیای خوێنەریش گرینگە، بۆ ئەوەی بزانرێت بەرهەمە ئەدەبییەکە تا چەند کاریگەری خستۆتە لەسەر خوێنەر، ئەمەش بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری وەرگر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و بەپێی گۆڕانی بابەت و شێوازی خوێندنەوەی وەرگر دەگۆڕێت. لێرەدا تا چەند نوسەر بتوانێت زیرەکانە وێنایەکی زیندووی کۆمەڵ بخاتەڕوو ئەوەندە مەودای سەرکەوتن بەدەست دێنێت، ئەمەش ئەو پەیوەندییەمان بۆ دەردەخات، کە کارە ئەدەبییەکە زووتر لەلایەن خوێنەرەوە وەردەگیرێت، لە هەمان کاتدا ڕادەی سەرکەوتنی کارەئەدەبییەکەشمان بۆ دەردەخات.

### 1-5- سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لە شیعرەکانی (قانع)دا:

ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی سەردەمەکەیەتی و کاریگەری بەسەرەوە هەیە، واتە هەموو هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و خودی تایبەتی و ڕۆشنبیری و کەلتووری و...تاد، ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی بنیاتی دەقە ئەدەبییەکان لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویدا، واتە ئەدەب لە دەوروبەری خۆی و واقیع دانابڕێت، بۆیە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵەکەیەتی. بۆیە لێرەدا دێینە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ژینگەییەکانی دەوروبەر لەسەر (قانع)ی شاعیر: بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و ڕامیاریی و ڕۆشنبیریی سەردەمی (قانع) کاریگەری زۆریان لەسەر هەبووە، بەمەش ئەزموونی شیعری (قانع) مان بۆ ڕوون دەبێتەوە، چونکە ئەم هۆکارانە گرنگترین هۆکارن بۆ ئەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکان بخولقێن، هەر بۆیەش ئێمە لە ڕێگەی کارە ئەدەبیەکانیەوە زانیاری لەسەر سیستەمە ئابووری و ڕۆشنبیری و ڕامیاریەکانی ژیانی ئەو بەدەست دێنین.

ئەمەش ئەرکی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبە کە گرینگی بە ناوەڕۆک و بونیادی دەقی ئەدەبی و پەیوەستکردنی بە واقیعە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بدات، بۆیە لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا شاعیران لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە لەناو ژینگە کۆمەڵایەتییەکاندا خاوەن ئامانجێک بوون بۆ ئاڕاستەکردنی کۆمەڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

گەر بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی ژیانی (قانع) (1898 – 1965) بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی (لەوکاتەدا بارودۆخی ناوچەکەیان خستبووە ژێر بارێکی نالەباری ئابووری بەشێوەیەک، کە بژێوی ژیان زۆر زەحمەت بوو، بێکاری و هەژاری ئەو کات بارودۆخێکی سەخت و دژواری دروستکردبوو، لەگەڵ ئەو بارودۆخە نالەبارەدا، حکومەتی ئەو کاتەش بەهیچ

شێوەیەک هەوڵی نەداوە بۆ چاککردن و باشکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، لەلایەکی ترەوە لەم قۆناغەدا گەلی کورد لەژێر عەقڵێکی دواکەوتووی ڕژێمی چینایەتی و دەرەبەگایەتی دەچەوسایەوە، هەروەها بەهۆی دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵ و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری) (ئەحمەد،1989: 54)، ئەمەش کاریگەری زۆریان خستۆتە لەسەر شاعیران، بۆیە (قانع) لەم بارودۆخەدا لە ئاست بەرپرسیاریەتیدا هەستی بە بێزاری کردووە، بۆیە بیری لە گۆڕانکاری کردۆتەوە، بەسەرهات و کارەساتەکانی کۆمەڵ و چەوساندنەوەی چینایەتییەکان و گۆڕانە کۆمەلایەتییەکان لە شیعرەکانیدا بەرجەستە دەکات. ئەمەش ئەو پەیوەندییە تۆند و تۆڵەی دەردەخات، کە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا هەیبووە، بۆیە(قانع) وەک مرۆڤێکی هۆشیار و بەئاگا ڕازەکانی ژیانی گەلەکەی وێنا دەکات و دەڵێت:

**لە تۆزی ئاشەدا غەرقم لە تەوقی سەر هەتا ئەژنۆ**

**بەڵام چەند خۆشە ئەو تۆزە ، کە هەر خۆم ئامێرم بۆ خۆم**

**نەترسی ئەمری مافەوق و نە مەحکومی بەراتی تۆم**

**لە سایەی زەحمەتی قاچ و سەرو شان و دەس و ئەستۆم**

**لەبۆ کەس چاو لەبەر نیم ، خەیاڵی ڕێی ریا ناکەم** (قانع: 1396: 16)

لێرەدا هۆی غەرق بوونی (قانع)لە تۆزی ئاشەدا، دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی لە پێناو خۆراگری و دەروون بەرزی، تا بە هێزی بازووی خۆیان بژین، دیارە قانع وەکو شاعیرێکی کۆڵنەدەر هەرگیز سەرشۆڕ ناکات، بۆ چەوسێنەرەکان و خوێنمژانی وڵاتەکەی، لەم ڕێگایەوە گەلە چەوساوەکەی فێری خۆراگری دەکات، تا بەهێزی بازوی خۆیان بژین. هەموو ئەمانەش بۆ ڕادەی هۆش و تێگەیشتن و ئاگایی شاعیر دەگەڕێتەوە، چونکە گەر وانەبوایە نەیدەتوانی پەی بە کێشە کۆمەلایەتییەکان بەرێت. ئەم کۆپلە شیعرە ئەوە دەسەلمێنێ، کە (قانع) نەیویستوە دابڕاوبێت لە کۆمەڵگەکەی، کە سەرتاپای جەستەی برینی قووڵەو پێویستی بە ساڕێژبوون هەیە، لە ئەنجامی باڵابوونی هزری خۆیدا دركی بە مەینەتی و ئازارەکانی گەلەکەی دەکرد، بۆیە دەبینین (قانع) لە کۆمەڵ دانەبراوە و گۆشە گیر نییە، لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی تاکدا دەژی و لەدەوری تاکدا دەسووڕێتەوە ، هەر لە خەمی کۆمەڵدا بووە.

کاریگەری ژینگە و دەوروبەر لە پرۆسەی ئەزموونی شیعری (قانع)دا لە دەقەکانی بەڕوونی دیارە، بەوەی شاعیر لە بنیاتی دەقەکەیدا کەرەستەکانی لە کۆمەڵ و واقیع وەرگرتووەو وردبینانە لە دیاردەکانی دەوروبەری ڕوانیوە، کە بۆ تە سەرچاوەو کەرەستەیەکی خاو لە بونیادی دەقەکەیدا، دواترلە فۆرمێکی هونەری باڵادا دەریبڕیوەو کاریگەری خستۆتە سەر وەرگر. بۆنموونە (قانع) لە شیعرێکیدا توانیویەتی مەنەلۆگێک لە نێوان هەست و نەستی خۆی و هەست و نەستەکانی ئێمەی وەرگردا، کەیەکدەگرێتەوە دروستبکات و لایەنێکی شاراوەمان بۆ بەرجەستە بکات، وەک دەڵێت:

**بە ناوی مەشهوری ئافاتم کەچی هەر ئاهو ناڵیمە**

**وەکو پیاوی برا مردوو، لەبرسا زاریو شینمە**

**دەمێ خەم بۆ کەوا کۆنە ودەمێ بۆ نانی جۆینمە**

**ئومێدو واسیتەی ژینم گەدایی و مردوو شۆڕیمە** (قانع: 1396: 226)

زۆرجار مرۆڤەکان بەرەو ڕووی بێهیوایی و شکستی دەبێتەوە، بەڵام لەم دەقەدا (قانع) گەشبینە، هەوڵی داوە لەگەڵ هەستی خۆیدا بکەوێتە گفتوگۆ بە ئومێدی وەدەستهێنانی ئامانجەکانی، (قانع) دەنگی هەستی خۆیمان پێ دەڵێ، ئەو واقیعەی تێیدا ژیاوە بەرەو جیهانی شیعری واقیعی کۆمەڵگاکەی بردووە. هەموو ئەمانەش بوونەتە سیمای تایبەتی بۆی، کە لە کارەکانیدا ڕەنگیداوەتەوەو دەیەوێت دەقێکی بەرز بخولقێنێ. بۆ ئەوەی بەردەوامی پێوەندی نێوان ئەدەب و دەوروبەر مسۆگەر بکات. لێرەدا ئاست بەرزی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش بە دۆزینەوەی خۆی لە دەوروبەرەکەیدا، خوێندنەوەی بۆ داهاتوو هەیە و دەستە هوسان ناوەستێت و ژینگەی کۆمەلایەتی خۆی لەبەر چاو دەگرێت، چونکە ((بارودۆخی کۆمەلایەتی ئەو نێوەندە ڕاستەوخۆیە دەگەیەنێت، کە دەبێتە کاریگەرییەکی دەروونی و کۆمەلایەتی لەسەر تاک چ لە ڕووی باری ئابووریەوە یان پەروەردەیی یان ڕۆشنبیری بێت، تاکی داهێنەریش بە گوێرەی ئەو کاریگەریە کۆمەلایەتییە چالاکی و کارەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت)) (ڕەسول،2001: 109)، بۆیە (قانع) وەک تاکێکی کۆمەڵ لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە توانیویەتی ناوەوەی خۆی

به ئێمه بگەیەنێت، بۆ ئەوەی لە وێنەی ئەودا هەست بە بوونی خۆمان لە واقیعدا بکەین، بۆ نموونە (قانع) دەیەوێ وێنەی شلەژانی دەروونیمان پیشاندات کەتێکەوتووە، مەدلولی شۆڕش کە بریتییە لە بە ئاگا هێنانەوە لە دۆخێکی تایبەت، کە دووچاری شاعیرو گەلەکەی بووە، دەڵێت:

**چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگاربکا**

**میللەتم بۆ ئەو مەبەستە کردەوەی شێرانەیە** (قانع: 1396: 112)

کاتێ ئەو شۆڕشە دێت و گەل بەئاگا دەهێنێتەوە گڕوتین گەشەدەسەنێت و شەپۆلی شۆڕشگێڕ برەو دەسێنێت، لە ئەنجامی ناسەقامگیری ناوەوەی گەلەکەی، بۆیە شاعیر بەردەوام هەوڵ دەدات شەپۆلی شۆڕشگێڕی لێ ون نەبێت و هەمیشە پەیوەندی لەگەڵدا هەبێت. شاعیر خاوەنی ئیرادەو ویستی زۆرە، دەیەوێ زیاتر ڕووبەڕوی ئەو هەلومەرجانە ببێتەوە کە چ وەک تاک دووچاری باری دەروونی دەبێتەوە و چ لەو دۆخەدا کە کۆمەڵی بەرەو ڕوو دەبێتەوە.

(قانع) لەهەستکردنی بە بەرپرسیاریەتی و خۆی بە خەمخۆری گەلەکەی دەزانێت و داکۆکی لەمافی ڕەوایان دەکات و ئازایەتی خۆی دەخاتەڕوو لە جەنگدایە بۆ ئەم چینە مەزلومە دژی زۆردار، وەک دەڵێت:

**من بە جەرگم بەم هەژاری و بێ کەسی و داماوییەم**

**شەڕ لەگەڵ ڕۆژ و سروشت و حاکمی شاران ئەکەم** ( قانع: 1396: ٥٦٨ ).

(قانع) وەک تاکێک لەو کۆمەڵگەی تێیدا دەژیا، کە بەچەندین بارودۆخی جیاوازدا تێپەڕیووە و بۆتە ئەزموونی خودی جۆراوجۆر بۆی، کە وێنەی ئەوساتانەی ئەزموونی لە شیعرییەکانییدا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە ئەو ئەزموونە خودییەی شاعیر لەو چوارچێوە خێزانی وبارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە تیایدا ژیاوە ڕۆڵێکی گرینگی لە تێگەیشتنی واقیعی کۆمەڵ و نەهامەتی و کەموکوڕییەکانی کۆمەڵەکەی هەبووە، ژیانی (قانع) بە ئەزموونی تاڵ و ناخۆشدا تێپەڕ بووە، شاعیر لایەنە تراژیدیەکانی ژیانی کاریگەرییەکی گەورەی بۆ دروست کردووەو لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەتا ئەو حاڵەتە وێنا دەکات و ڕووی جیاوازی ژیانی چەوساوەکانی کۆمەڵەکەی بەشێوەی بەرگری لێکردن و بە ڕاستگۆیی ژیانی ناهەمواری و کولەمەرگی جوتیاری چەوساوەمان بۆ دەخاتەڕوو دەڵێت:

**هەر لەبەیانی تا ئێوارە ئارامی نییە فەلاحی بێچارە .....**

**درەوئەکا بەداسێکی کول**

**تک تک ئارەق ئەتکێ لە مل**

**سا دڕک دەسی، سا ئارەق چاوی**

**سا گەرما ببڕە جەرگ و هەناوی**

**نیوەڕۆ کاتێ نانی بۆ دێنن**

**بەنانی جۆی وشک ، باش ئەیخنکێنن**

**لە درەوە نەجات، نۆرەی خەرمانە**

**گاگێرە بێنن کڵۆش کوتانە**

**سا بەهەر ئەحواڵ گێرە تەواو**

**ئەمجا دەنگ و باس ئاغا لەم ناوە.....** (قانع: 1396: 317)

لێرەدا شاعیر گوزارشت لەو دۆخە نا ئاساییە ژیانی چینێکی کۆمەڵ دەکات، ئەمانە هەموو بوونەتە ئەزموون و کاریگەری دەرونیان لەسەر بەجێ هێشتووە. بۆیە شاعیر لە ئەنجامی کارلێکی لەگەڵ کۆمەڵدا لە ڕێگەی شیعرەکەیەوە بیرەکانی بۆ کۆمەڵ دەگوازێتەوە.

شاعیر وەک تاکێکی هۆشیارو بەئاگا لەو کۆمەڵگەی کە تێیدا دەژی، درکی بە دواکەوتوویی کۆمەڵگەکەی کردووە، چونکە نەخوێندەواریی و نەزانین باڵی بەسەردا کێشاوە، بۆیە وەکو خوێندەوارێک و ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی لەم بارەیەوە هەوڵیداوە بۆ بە ئاگا هێنانەوەی کۆمەڵەکەی لەو دەردە کوشندەیە و لەو تاریکستانی نەزانینەوە بیان پەڕێنێتەوە بۆ جیهانی زانست و زانیاریی، خوێندن و زانین دەکاتە چارەسەری ئەو دەردەو دەڵێت :

**ڕۆڵەکەم خوێندن بخوێنە مەکتەبە دەرمانی کورد**
**تێگەیشتن مەرهەمە بۆ زامی بێ سامانی کورد**
**لاپەڕەی مێژوو ئەزانێ چۆن بوون شێرانی کورد**
**باسی بابا ئەردەڵان و زەندی و بابانی کورد** (قانع: 1396: 279)

نەک هەر ئەوەندە بگرە (قانع)بەشێوەیەک خوێندن و خوێندەواری بۆ گەشەو نەشونماکردنی کۆمەڵ بە پێویست دەزانێت، کە نەخوێندەواری وەک دوژمنێک لەقەڵەم دەدات، ئەوەتا بە ئاشکراو بێ پەردە دەڵێت:

**بخوێنن هەوڵی زانین دەن، جەهالەت دوژمنی کوردە**
**کەسێ دانا بێت هەرگیز دوژمنی خۆی وا بەخێو ناکا** (قانع: 1396: 525)

شاعیر ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بە هۆکارێک دەزانی بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەڵ و گەیشتن بە دنیای شارستانیەت.

(قانع) ڕوویەکی تری ژیانی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانیدا پیشاندەدات، کە باس لە جوانی و هیلاک و ماندووبوونی ئافرەتی کۆمەڵی کوردەواری دەکات و دەڵێت:

**ئەو کچانە، کە ئێستە ئەی بینی**
**چەندە نازدارو نازک و شەنگن**
**حەیفە وا پۆل بە پۆل لە بێگارا**
**زەرد و ژاکاو، زیز و بێ ڕەنگن**
**پاڵەوانی بەهێزی کاریگەر**
**بۆچی وا گشت مەلوول و دڵتەنگن** (قانع: 1396: 153)

شاعیر وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی لە نێو واقیعی کۆمەڵەکەی وێنەی ئەو ئازارو مەینەتیانە دەکێشێت و لە فۆرمێکی هونەری بەرزدا دەیگوازێتەوە بۆ کۆمەڵ و وەرگرەکانی، بەمەش بەرچاو ڕوونی دەداتە خوێنەر، چونکە ئەزموونە خودییەکانی پەرە پێدەدات و هەوڵدات لە شێوەیەکی بابەتی و هاوسەنگدا بە خوێنەری بگەێنێت. دیدی شاعیر هەموو کات لەگەڵ ویست و داواو ئاواتەکانی گەلەکەیەتی، بۆیە لە سەر بنەمای خۆزگە خواستن و دڵسۆزی خۆی وەک چارەسەرسازێک دەقەکەی بنیات ناوەو، دەڵێت:

**خۆزگە من ڕۆژێ ئەبووم بە مەئموور**
**ئەهاتن بۆ لام ، نزیک تا لە دوور**
**ئیشیان پێم ئەبوو ، لە چاک و خراپ**
**رام ئەکێشانە پای حەق و حیساب**
**ئا خۆ ، ناو چاوم لە کەس گرژ ئەکرد**
**دەستی تەماعم بۆ هیچ کەس ئەبرد.....** (قانع:1396: 303)

لێرەدا شاعیر بابەتیانە هەستە خودییەکەی دەردەبڕێت، ئەو خۆزگە خواستنەشی دەگەڕێتەوە بۆ باری دواکەوتوویی و ژێر دەستی گەلەکەی و باری نالەباری ژیانی کۆمەڵەکەی، کە هەراسانی کردووە، بۆیە شاعیر خۆزگە خواستنەکەی، کە بەحاڵەتێکی بابەتی دەبەستێتەوە، ئەویش باری دواکەوتوویی و چەوساندنەوەی کۆمەڵگەکەیەتی، واتە چارەسەری کێشە خودییەکانیشی لە چارەسەری دەردی کۆمەڵ دەبینێتەوە، ئەو دەیەوێت لە خودەوە ڕازو نهێنیەکانی بە کۆمەڵ بگەێنێت.

## 2- ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی (قانع) بۆ کۆمەڵ:

لێرەدا بەپێی جیهانبینی (قانع) بەو ئەزموونەی هەیەتی ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکان و بیرە ڕەخنەییەکانی کە ڕووبەڕووی دیاردە نەشیاوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی کردۆتەوە لە شیعرەکاندا دەخەینەڕوو، چونکە شاعیر وەک ڕۆشنبیرێک و وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی هەمیشە هەستی بەوە کردووە گەلەکەی بە دەست دەیان دەردی کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن .

## 2-1- خستنەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکان: ڕەخنەگرتن لە ململانێ و ناکۆکیەکانی کۆمەڵ

ئەو بارودۆخە نالەبارەی (قانع) تیایدا ژیاوە، وەک مرۆڤێکی هۆشیار درکی بە دەردەسەری و ئازارەکانی کۆمەڵەکەی کردووە، بۆیە بیرکردنەوەی بۆ گۆڕینی واقیع و کارکردن بۆ وەدەستهێنانی داهاتوویەکی گەش بوو بۆ نەوەکانی گەلەکەی، بۆیە ڕەخنە لە واقیع دەگرێت، لە نەبوونی دادپەروەری و یەکسانی و ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەمان تێدەگەیەنێت، کە دەبێت شۆڕشی ڕزگاری چەوساوەکان، یەکسانی و برایەتی و دادپەروەری و کۆمەڵایەتی تێدا بەرقەرار بێت، ئەگینا بە ڕزگاری ناژمێردرێت، بۆیە وا بیر دەکاتەوە، چونکە شۆڕشی ڕزگاری بە یەکگرتوویی و دەست لەناو دەست دێتەدی، نەک بە ململانێی یەکتری و ناتەبایی:

**با هەموو جووتیار و پاڵە و ڕەنجبەران**
**یەک گرن تا دەبنە هێز و پشتیوان**
**هەڵگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی**
**بێ جیاوازی لەسەر ڕەمز و نیشان**
**هەڵگرن پاچ و چەک و بێڵ و قەڵەم**
**هەر لە ڕۆشنبیر هەتا شوان و سەپان**
**هەڵتەکێنن ئەم نیزامە بۆگەنە**
**دابڕێژن کۆشکی یەکسانی ژیان** ( قانع: 1396: ٢١١ )

(قانع) هەموو هەوڵی ژیانی بۆ یەکسانی و ئاسودەی نەتەوەکەی تەرخانکردووە، بۆ ئەمەش قەڵەمی گرتۆتە دەست و هەرچی ئەزموونی ژیانییەتی بە شیعر دەربڕیوە، بۆیە داوا لە جوتیار و چینی زەحمەت کێش و ڕەنجبەران دەکات، کە هاوکار و پەنای یەکتر بن، یەکبگرن بەبێ جیاوازی کاربکەن بۆ یەکسانی، دەیەوێ جیاوازی چینایەتی نەمێنێت و ئەبێ سیستەمی یەکسانی لە ژیان بەرپابکەین، ئەمەش پێویستی بەیەکگرتنە لەهەموو چینەکانی کۆمەڵگا بێ جیاوازی.

بڵاکردنەوەی بیری سۆشیالیستی لەسەردمی قانع لەلایەن کاربەدەستانەوە بەربەست کرابوو، بۆیە شاعیر خەڵکی زۆرلێکراوی لەم بیروباوەڕە ئاگادار دەکردەوەو بۆ ڕزگاری چەوساوەکان دەبێتە پێشڕەو و ڕێنماییان دەکات و هانیان دەدات بە یەکگرتوویی و شۆڕش بەرپاکەن هەڵمەت بەرن، بەیەکێتی چەندین کۆشکی دوژمنان و زۆرداران ڕمان.

**ئێوەشۆڕشگێڕن، پێشڕەوتان هەیە**
**یەکێتی چەند کۆشکی شاهانەی ڕمان** (قانع: 1396: 146)

بەلایەوە شۆڕشی ڕزگاری چەوساوەکان، بە چەکی شۆڕشگێڕی دەکرێ، کە بیروباوەڕو ڕاپەڕینە، چەکی شۆڕشگێڕی منیش نووسین و بیرو باوەڕمە بۆ هاندانی نەوەکانی گەلەکەی دژی دوژمنانی گەلەکەی و دەڵێ:

**چەکی شۆڕشگێڕی من نوسین و بیروباوەڕە**
**ڕاپەڕینە ، هەڵمەتە ، پڕ نەعرەتەی کوردانەیە** (قانع: 1396: 267)

مەبەستی شاعیر لە بەرپاکردنی ڕاپەڕین و شۆڕش بە ئاگا هێنانەوەی کۆمەڵە، کە ئەمە جەخت کردنەوەی هەستکردنی شاعیرە بە لێپرسرینەوە لەبەردەم داهاتووی گەلەکەی. هەر بۆیەش هانی تاکەکانی گەلەکەی دەدات، بۆ یەک ڕیزی یەکگرتوویی لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکان، بۆ بەخۆ هێنانەوەو هۆشیارکردنەوەیان، بۆ ڕزگار بوون لەو حاڵەتە سستی و بێ هیوایەی کە کۆمەڵەکەی تێکەوتووە. بۆیە شاعیر جەخت لە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بەیەک دەنگ داوای مافی ڕەوایان بکەن.

شاعیر وەک هەر شاعیرێکی میللی چەوساوەکان، لە ڕووی شێوازی دەربڕینەوە بە زمانێکی میللی سادەو ساکار و ڕەوان بۆ خەڵکی هەژارو چەوساوەکان شیعرەکانی دەربڕیوەو بەزمانی خۆیانەوە ئێش و ئازاریان دەردەبرێت، تا گشت چینەکانی

کۆمەڵگە لێی تێبگەن. لایەکی تری ڕووی بەهێزی شیعرەکانی (قانع) ئەوەیە، کە بیروباوەڕی کۆڵنەدان و بڕوابەخۆکردنمان لە ژیاندا ئاوێتەی شیعرەکانی دەکات، بۆیە ڕەخنە لە تەمبەڵی و ناتەبایی کۆمەڵ دەگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هانی ڕۆڵەکانی کۆمەڵەکەی دەدات بۆ ورە بەرنەدان و ئیشکردن بەرگری کردن بۆ دوورکەوتنەوە لە تەمبەڵی، پێیان دەڵێت کارکردن و بەرهەمهێنانیش لەلوتکەی سەرکەوتن و کۆڵنەدانە، باشترین چەکی کاریگەری بەرگری چەوساوەکانە، کە دەبێتە هۆی ڕووخاندنی قەڵای سەختی چەوساندنەوەو کۆتایی پێهاتنی چەوساندنەوە، لەم ڕووەوە دەڵێت:

**کوڕی کوردم، خەریک بن بێنە فرمان**

**لە گۆڕ نێن تەمبەڵی و بێکاری جاران**

**عەرەق بڕژێ لەسەر خاکە لەبەر پێت**

**لە ڕێی ئیشکردنا ، بۆ بەرگ و بۆ نان**

**مەڵێ عەیبە ! مەڵێ ناچم لە بۆ کار**

**مەڵێ ئاواتمە سەردان و سەیران** (قانع: 1396: 178)

(قانع) توانیویەتی بە شێوەیەک زمان بەکاربهێنێت، کە خزمەت بە ئامانجە کۆمەڵایەتیەکەی بکات و خوێنەریش بە ئاسانی بتوانێ پەیامەکەی وەربگرێت. ئەمەش بەردەوامی کارەکانی شاعیرمان بۆ دەسەلمێنێت، لەبەرئەوەی وەرگر کە لایەنێکی گرینگی تەواوکردنی هاوکێشەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبە، دەبێ پەیامی شاعیر وەرگرێت، چونکە بەبێ ئەو کارەکەی بەردەوام نابێت و ناتوانێت ئەرکی خۆی بگەیەنێت. بۆیە شاعیر بۆ ئەم مەبەستە ڕەچاوی ئاست و ئەدگارەکانی وەرگری کردووە، لە هەمان کاتدا وێناکردن و بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتانەی کە ئاماژەیان پێدەدا، تەنها مەبەستی ڕەخنەگرتن لە پێناوی ڕەخنەدا نەبووە، بەڵکو مەبەست و ئامانجێکی گەورەتری هەیە، ئەویش دروستکردنی ئەو جیهانبینییە لەلای وەرگر کە هەوڵ بۆ بونیادنانی کۆمەڵێکی باشتر دەدات.

## 2-2- ڕەخنەگرتن لە باری دواکەوتوویی کۆمەڵ و گرینگیدان بەخوێندن:

(قانع) وەک کەسێکی هۆشیار و خوێندەوار ڕەخنە لە باری دواکەوتوویی و نەخوێندەواری دەگرێت، بۆیە هەوڵی زۆری داوە بۆ هاندانی گەلەکەی بۆ خوێندەواری، شاعیر هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە کۆمەڵ و میللەتەکەی لەو دەردو کوشندەی نەخوێندەوارییە بە ئاگا بێنێت و لەو تاریکییەی نەزانینەوە بۆ جیهانی زانست و زانیاری هەنگاو بنێن و بۆ **ڕۆڵەکەم خوێندن بخوێنە** بەرەو شارستانیەت:

**مەکتەب دەرمانی کوردە**

**تێگەیشتن مەرهەمە بۆ زامی بێسامانی کورد**

**لاپەڕەی مێژوو ئەزانێ چۆن بوو شێرانی کورد**

**باسی بابا ئەردەڵان و زەندی و بابانی کورد** (قانع: 1396: 53)

شاعیر خوێندن بە گەشەو نەشونما کردنی کۆمەڵ دەزانێت، بۆیە نەخوێندەواری وەک دەردێکی کوشندە لە جەستەی کۆمەڵ دەزانێت، وەک دەڵێت:

**بخوێنن هەوڵی زانین دەن ، جەهالەت دوژمنی کوردە**

**کەسێ دانا بێت هەرگیز دووژمنی خۆی بەخێو ناکات** (قانع: 1396: 53)

هەروەها (قانع) بۆ زیاتر زرنگی و هۆشیاری نەوەی گەلەکەی خوازیاری نەوەیەکی ئاوایەوەک، دەڵێت:

**هێندە تێکۆشیت چاک خوێندەوار بی**

**لە ڕێی ئازادی زرنگ و هۆشیار بێ** (قانع: 1396: 446)

شاعیر بەردەوام لە بایەخدانی خوێندەواری دەبێت، بەتایبەتی خوێندەواری کچان لە شیعری سکاڵای (نەسرین)دا دەڵێت:

**پێتان ئەخوێنن ، زۆر بە ئارەزوو**

**بە مەیلی خۆتان ، ئەتان دەن بە شوو** (قانع: 1396: 265)

شاعیرخوێندن و بەشودانی کچی خستۆتە یەک تای تەرازووەوە، چونکە ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەیە، کە کچان بە زۆر بە شوو دەدرێن کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە، بۆیە شاعیر درکی بەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە کردووەو ڕەخنەی لێ دەگرێت و دەیخاتە خوێندنی کچانەوە، نەیان هێشتووە کچان بخوێنن، وەکو شوو کردنەکەیان، بۆیە شاعیر دروشمێک بەرز دەکاتەوەو دەڵێت ئەوکاتەش دێ کە خواستەکانتان دێتە دی.

خوێندەواری و زانست هێندە لای شاعیر پیرۆز بووە، وای لێدەکات پێمان بڵێت سوژدەی بۆ بەرن، ئەوەتا شاعیر لە تاک دێڕێکدا دەڵێت:

**سوژدە بۆ زانست ببەن، حیکمەت بە زاری فێربین**

**ئەی برا، بیگرنە گوێ (ماریفەت)ی پیر شالیار** (قانع: 1396: 58)

هەموو ئەو داوانەی شاعیر پێمان دەڵێت بۆ گەیشتن و هەنگاونانە بە کاروانی شارستانیەت.

لێرەدا بابەتێکی تر دێتە ناوەوە لای شاعیر ئەویش بابەتی هاندان بۆ خوێندن و شیعری فێرکارییە: شاعیر بۆ بزواندنی هەستی شۆڕشگێڕی و نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو هەستەیان لە ناخدا بچێنێت، چەند شیعرێکی فێرکاری دەڵێت و هانی گەلەکەی پێدەداو بەئاگایان دێنێتەوە لەو دواکەوتوویەی تێی کەوتوون وەک دەڵێت:

**وەتەنمان بەجێماوە**

**هێزی ئەژنۆ نەماوە**

**کوردە هیمەتێ**

**سادەی غیرەتێ**

**عالەم سەربەست وشادە**

**لەبری خەم و ئازادە**

**عێراقمان بێ مورادە**

**کوردە هیمەتێ**

**سادەی غیرەتێ**

**تاکەی ئەسیری جەهلی** (قانع: 1396: 32)

شاعیر بە زمانێکی سادە و ڕوونی لە دەربڕین و کێش و سەروایەکی ئاوازدار هانی خەڵکەکەی دەدا بۆ خوێندن و خوێندەواری، بۆ ئەوەی لە نەزانی و جەهالەت ڕزگاریان بێت، تاکەی دەبنە ئەسیری جەهل و نەزانی، بۆیە ئامۆژگاریان دەکا یەکگرتووبن و پشتی یەکبگرن، خوێندن بکەنە چەک بۆ پارێزگای و ڕزگاربوون، فێری ژیان و کوردایەتی و تێکۆشان و بەرەو ئاواتی میللەتەکەتان دەبا، بۆیە لەسرودی (بخوێنن) دا دەڵێت:

**حەیفە بۆ لاوی زیرەک**

**پشت نەدەنە پشتی یەک**

**گەر عیلم نەکەن بەچەک**

**دەبنە خوێڕی و لاکۆلان**

**بەرەو خوێندن ماندوونابن**

**بخوێنن بخوێنن.** (قانع: 1396: 453)

لە شیعرێکی تریدا، کە شاعیر کە هەر بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی ووتووە، داوای لێکردوون بخوێنن، خوێندن دەرمانی دەردی میللەتە، بۆ وڵات ئاوەدانکردنەوەیە، دەڵێت:

**ڕۆڵەی کوردم بەسە بێ عاری**

**سادەی تێکۆشن بۆ خوێندەواری**

**دەرمانی دەردی میللەت خوێندنە**

**خوێندن بۆ وڵات ئاواکردنە...**

**هەتا دەگاتە ئەوەی**
**ئێوەش عیبرەتێ لەمە وەرگرن**
**بەر لەوەی لەناو زیللەتا بمرن** (قانع: 1396: 439)

لەم شیعرانەی (قانع)دا، کە بۆ نەوەکانی گەلەکەی وتووە، بە مەبەستی هاندانی خەڵکی بۆ فێربوونی خوێندن و خوێندەوارییە، چونکە بەلای شاعیرەوە هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەریی لای نەوەکانی خواستی هەمیشەیی شاعیر بووەو لەو ڕوانگەیەوە ڕۆڵی هەبووە لە فێرکردن و هاندانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی. (قانع) لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی ڕاستگۆییەوە بونیادی کۆمەڵی کوردی خستووەتە بەر تیشکی ڕەخنە و هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو واقیعە سەختەی داوە، بۆیە شاعیر ڕەخنە لە دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵ دەگرێت و داوا لە کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی دەکات، نەکەونە ژێرکاریگەری پڕوپاگەندە بێ ناوەڕۆکەکانی دەرەبەگایەتیەوە، خوێندن و خوێندەواری یەکێکە لە پێداویستیەکانی ژیانی ئادەمیزاد و نە سیحرەو نە خورافاتە، وەک ئەوەی‌لەو کاتەدا ڕژێمی دەرەبەگایەتی بانگەشەی بۆ دەکرد وەک دەڵێت:

**بە سحری تێمەگەن عیلمی زەمانە**
**بخوێنن ، چونکە خوێندن پشتیوانە**
**نەجاحی ئەجنەبی وا ئەچنە کەوکەب**
**بەهێزی خوێندنە ، چاکی بزانە** (قانع: 1396: 150)

ڕژێمی دەرەبەگایەتی و ئاغای ئەو سەردەمە وایان لە خەڵک دەگەیاند کە خوێندن خورافاتە، لە ژێر ئەو پەردەیەدا خەڵکیان دەچەوساندەوە، تا لە و ڕێگەیەوە زیاتر خەڵکی لە تاریکی و نەزانین بهێڵنەوە، بۆ ئەوەی درێژە بە زوڵم و زۆری خۆیان بدەن و بێ خەم بن لە ئەگەری هەر مەترسییەک بۆ سەر دەستهەلاتیان، بۆیە ئەم بارودۆخە بووە هۆی زیاتر هاندانی شاعیر لە دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی کۆلۆنیالیزم، لەبەرئەوەی ئەوسەردەمەی شاعیر کۆمەڵگایەکی دەربەگایتی بوو دەستهەلاتدار خەڵکی دەچەوساندەوە، بۆیە شیعرەکانی(قانع) لەگەڵ چینی چەوساوە دەدوێ و بەرهەڵستی دەرەبەگەکان دەکات.

شاعیر ئومێدو هیوای داهاتووی نیشتیمانەکەی بەستۆتەوە ڕۆڵە خوێندەوارەکانی نەتەوەکەی، بۆ دەسەبەرکردنی ژیانێکی ئاسودەو گەیشتن بە پێشکەوتن و شارستانیەت، ڕووناکی ژیان لەوانەوە بەدی دەکات و دەڵێت:

**ئێوە ئەی شێرانی مەکتەب واسیتەی ژینی منن**
**واسیتەی ژین وژیان و ڕۆحی شیرینی منن**
**کۆمەڵی ئەولادەکانم ، وان لە زوڵماتی جەهل**
**تاقە ئێوەی خوێندەوار و ، نەسڵی نورینی منن** (قانع: 1396: 203) .

لایەنێکی تر لەکێشەکۆمەڵایەتییەکان لەسەردەمی شاعیردا ئەوەیە هەندێ لە مەلاکان لە ڕێگەی ئایینەوە چۆنیان ویستبێت بۆ مەرامی خۆیان دینەکەیان بەو شێوەیە بەکار هێناوە، واتە لە ژێر پەردەی ئایینی خەڵکیان چەوساندۆتەوە، بۆیە (قانع) لەبەرئەمەیە کاری مەلایی نەکردووەو ئەم ڕەوشتەی مەلاکان لەو سەردەمەدا وای لە (قانع) کردووە ڕەتیان بکات، چونکە لای شاعیر خوێندەواری ڕاستەقینەو کارکردن لە پێناو ژیان و سەربەرزی ویستی بووە، هەر بۆیە لە شیعرێکیدا خەڵکەکەی بەئاگادێنێتەوەو ئامۆژگاریان دەکات و دەڵێت:

**ڕۆڵە سەد دەخیل ! مەلایی مەکە**
**ئیشی چاو شۆڕی و ڕسوایی مەکە**
**درۆو دەلەسەی خۆڕایی مەکە**
**خۆت بە مەحکومی ئاوایی مەکە** (قانع: 1396: 326)

مرۆڤ و ژیان پەیوەندیەکی تۆند و تۆڵ پێکەوەی بەستونەتەوە پەیوەستن بەیەکتریەوە، واتە شاعیر لە پابەندبوونیدا بەکۆمەڵگاوە مرۆڤ وەک تاک وەرناگرێت، بەڵکو وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانێت و لەم ڕوانگەیەوە تەماشای پەیوەندیەکانی نێوان تاک و کۆمەڵی دەکرد، بابەتەکانیشی لە ژیانی خەڵکی سەردەمەکەی وەردەگرت، بۆیە باتەکانی زیندوو بوون، وردبوونەوەیەکی زۆری هەبوو لە خستنەڕووی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان و دیاردەکانی واقیع بەو ئاڕاستەیە کاری دەکرد

بۆ چارەسەری ئەو دیاردانە کە پێویست بوون.

### 2-3- کێشە چینایەتییەکانی کۆمەڵ.

کۆمەڵی کوردەواری لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی نالەباردا ژیاوە، لەبەرئەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی دەستی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا گرتبوو، بۆیە جیاوازی چینایەتی زۆر بە ئاشکرایی پێوە دیار بوو. کاتێک (قانع) کێشە چینایەتییەکانی نێو کۆمەڵ وێنە دەکات، زیرەکانە توانیویەتی ڕووی جیاوازی ژیانی چەوساوەکانی وڵاتەکەی بەشێوەی بەرگری لێکردن و بە ڕاستگۆیی ژیانی ناهەمواری و کولە مەرگی جوتیاری چەوساوە بخاتەڕوو، بەمەبەستی ڕەخنە لێ گرتن لەو بارودۆخەی چینی چەوساوە:

**هەر لە بەیانی تا ئێوارە ئارامی نییە فەلاحی بێچارە......**

**پاشان دەڵێت:**

**بەنانی جۆی وشک، باش ئەیخنکێنن**

**لەدرەوە نەجات، نۆرەی خەرمانە**

**گاگێرە بێنن کڵۆش کوتانە**

**سابەهەر ئەحواڵ گێرە تەواوە**

**ئەمجا دەنگ و باس ئاغا لە ناوە** (قانع: 1396: 317)

شیعرەکانی شاعیر دەربڕینی ئازارەکانن و گوزارشتن لە کێشە و گرفتەکانی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگە کە ئینتیمای بۆی هەیە، (قانع) وەک تاکێکی کۆمەڵەکەی سەر بە چینە هەژار و نەدارەکەی کۆمەڵ بووە، هەر بۆیە ئەم حاڵەتەش وای کردووە بتوانێ جیهان بینی، ئەم چینە هەژارە ژێردەستەییەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی وێنابکات و زمانی نا ڕازی بوون و قبوڵ نەکردنی ئەو واقیعە بە زۆر بەسەپاوەی بگەێنێت و ئەم زوڵمە زۆرە دەردەخات، کە دەرەبەگ لە جوتیاری بێچارە دەیکات:

**وەرن یاران : لە سەیری چەرخی دەوران**

**بزانن چۆن ئەژی دەستەی فەقیران**

**چەم قۆپی و دەر و دەشت موڵکی (خان)ە**

**خودا داویە بە حاجی ماڵ و دووکان**

**کەژو کێو داخلی ئەوڕاقی موڵکە**

**ئەمەش مەعلوومە نابێ چێتە سەربان**

**شەقامیش ڕێگەیە ، نابێ تیا بێ**

**لەسەر ماڵە ، بەرو بەردەرک و کۆڵان** (قانع: 1396: 23)

لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە کۆمەڵگایەکی ئایینی و دەرەبەگایەتی بووە، سروشتی کۆمەڵگاکەمان لە وڵاتێکی پیشەسازی نەچووە، دەسەڵاتی سەرمایەداران خەڵکیان چەوساندۆتەوە، بۆیە شیعرەکانی(قانع) بەزۆری لەگەڵ جوتیاراندا دەدوێ و بەرهەڵستی دەرەبەگەکان دەکات، بۆیە خۆشەویستی بۆ گەلەکەی لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت، کە زادەی فیکری سەردەمەکەیەتی، باوەڕی بەیەکگرتنی جەماوەرو سەرکەوتنی ڕژێمی سۆشیالیستی بووە، بۆیە بەم جۆرە ڕوودەکاتەوە دەرەبەگ و هەواڵی شۆڕشی نهێنی دەدا بە گوێیدا، چونکە دەرەبەگایەتی وەکو چینێک بەدوژمنی سەربەستی گەل و پاشکەوتوانی داگیرکەر زانیوەو دەڵێت:

**گوێ گرە قانوونی سۆشیالیستی دەنگی دایەوە**

**ڕۆژی مەرگت زۆر نزیکە ئەو دەنگە یا سینتە**

**نۆکەر و پێش خزمەت و کارەکەرو دایانەکەت**

**کەوتە ڕۆژی خۆی بزانە دوژمنی خوێنیتە** ( قانع: ۱۳۹6: ۸ ).

(قانع)بە تونْدی ڕەخنە لە نایەکسانی و نا عەدالەتی چینایەتی کۆمەڵایەتی دەگرێ، کە هەندێ دەسەڵاتدارەو پێ لەسەر کۆمەڵگا ژیانێکی خەیاڵاوی دەژین و هەندێکی تریش بە هەژاری و نەبوونی ژیان بەسەر دەبەن، ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ناهاوسەنگی نایەکسانی لە کۆمەڵگا، شاعیر بە بیرێکی واقیعی سۆسیالیستی ئەو دیمەنانە دەخاتەروو، دەیەوێت لە ڕێگەیەوە دەست بخاتەسەر برینەکانی جەستەی کۆمەڵگەو داوای دۆزینەوەی چارەسەر گونجاویان بۆ بکات.

**من و تۆ هەردوو زادەی یەک خاکین**

**بۆ تۆ حاکم و من ئاشەوان بم**

**ئەگەر لای دوژمن هەردوو مەکروهین**

**چۆن تۆ وەزیر و من پاسەوان بم؟** (قانع : 1396: 581)

(قانع) لە شعرێکی تردا بەناوی (نەخۆشم! چیبکەم؟) دا دەڵێت:

**وەرن یاران لە سەیری چەرخی دەوران**

**بزانن چۆن ئەژی دەستەی فەقیران**

**چەم و قۆپی و دەر و دەشت ملْکی ئاغان**

**خوا داویە بە حاجی ماڵ و دووکان** ( قانع: 1396: ٢٠٦ ).

قانع داخی دڵ و دەروونی خۆی بەیان دەکات، لە دەست ئەو سەردەمەی کە تێدا ژیاوە لە دەست نەبوونی و ژیانی هەژاری گەلەکەی، بەڵام بەپێچەوانەوە دەربەگ و ئاغاکان خاوەن دەشت و دەرە هەرچی دوکان و شەقام و شوێنە هی دەسەڵاتدارەکانن، بەڵام لەویژدانەوە ڕوخاوون، بۆیە ئەمە وای لە شاعیر کردووە لە ناخەوە داوای دەوایەک بکات و لەسەر ئەو بیرو باوەڕەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**هەژار! ڕەببی نەجاتت بێ، لە ئەم حاڵەی پەرێشانت**

**غەنی: تۆش بێرە سەرباری سەخا، دەستم بە دامانت**

**خوا ئەو چاوە هە روون کا، تەماشای حاڵی بی دەس کا**

**ڕەزیل: ڕەبی بە تیری چاوی خۆت بی نووکی موژگانت** ( قانع: 1396:٨٤ ).

قانع هەستی بە بەرپرسیاریەتی کردووەو لەکۆمەڵگاکەی دانەبڕاوە خۆی بەتاکێکی کۆمەڵ زانیوەو هەموو ژیانی لەگەڵ هەژاران بەسەر بردووە، ئەمەش کاریگەری لە دەروونی کردووە، بۆیە زۆر بە کوڵ دوعا بۆ ڕزگاربوونی گەلە هەژار و چەوساوەکەی دەکات.

شاعیر لە وێنەیەکی تری سەرنجڕاکێشدا جیاوازیی چینایەتی بەرجەستە دەکات و دەیەوێت دەست بخاتە لەسەر برینەکانی جەستەی کۆمەڵگەو بە دوای دۆزینەوەی چارەسەر گونجاودا دەگەرێ بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینی هەژار :

**ئاغا خەریکی شادی و ئاهەنگ و خواردنە**

**ڕەنجی فەلاحی ماندووە لەناو کۆشکی جەم بووە..**

**دیوانی میرو مامەڵەی کچی جووتیار قورپەسەر**

**زۆر سەیرە شەرمی نەماوە بە بازاڕی زەم بووە** ( قانع: 1396: ٢٩٨ ).

لێرەدا شاعیر هێرش دەکاتە لەسەر دەرەبەگی زۆردار، لای سەیرە چۆن شەرم نایانگرێ لەو کار و کردەوانەی ئەنجامی دەدەن. بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە نالەبارو دواکەوتوویەی چینی هەژارو جوتیاران مەرجی بنەڕەتی هۆشیاربوونەوەو هەوڵدان و تێکۆشانە بۆ بەگژداچوونەوەی دەرەبەگی ئیمپریالیزم، بۆیە (قانع) هەڕەشە لە جیهانی ئیمپریالیزم دەکات و هەرگیز لە قالبی ئەو ڕژێمە ناتوێنەوەو لە خەباتی چینایەتی ناوەستن و بەردەوام دەبن و کۆڵنادەن و گیانیان لەم پێناوە بەخت دەکەن، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و سەربەخۆیی و ئازادی. هەموو ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنن، کە شاعیر ئاگای لەسەرجەم لایەنەکانی ژیاندا هەبووە، هەستی بەم جیاوازییە کردووە، پەیامیشی ئاڕاستە بووە بۆ جەماوەرێک، کە زۆرینەی کۆمەڵی کوردەوارییان پێکهێناوەو ئینتمای بۆیان هەبووە، کە چینی جوتیارو هەژار و چەوساوەکانی بووە، هەر بۆیەشە بە شاعیری چینی چەوساوەکان ناسراوە.

قانع لە شیعرێکی تردا بەناوی (هەژاری ) دەڵێت:

**ئەوەی نامووسی بێ، نـــابێ بە نۆکەر**
**ئەوی ئینسافی بێ، ناچێتە دیوان........**
**چ خۆشە زگ بە برسی، پێ بەبێ کەوش**
**بە مەرجێ روونەکاتە شێخ و قوربان!**
**گەدا بی یاخو پاشـــا بێ، هەر ئەمری**
**ئیتر کلکە لەقێ بۆچی لە دیوان؟!**
**ئەگەر پیاوی وەرە! ئارەق برێژە**
**بزکێنە وەکوو شێر، بێرە مەیدان** ( قانع: 1396: ١٩٤ ).

قانع برسیەتی پێخۆشترە نەک سەرشۆڕی، بۆیە ئەم سەربەرزی هەژاری هەڵبژاردووە نەک سەرشۆڕی لای دەرەبەگ، شاعیر ڕێبازی سۆشیالیستی بەبنچینەی چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵداناوە، بۆیە لەسەر ئەو بیروباوەڕەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**چەند خۆشە کوڕم ئارەق بڕژێنی**
**لە دەشت و دەرا غیرەت بنوێنی**
**نانی سەپانی خۆت بە دەس بێنی**
**ڕیشەی تەمبەڵی لەبن دەربێنی** ( قانع: 1396: ٤٢٦ ).

شاعیر دەیەوێ پەیامێکمان ئاڕاستەبکات، لەڕێگەی ئامۆژگاری کوڕەکەیدا هەمیشە هەوڵیداوە هەمان ڕێچکەی ئەو بگرێتەوە، بۆ بژێوی ژیان پێویستی بە هیلاکی و ماندیبوون و ئارەق ڕشتنە، بۆ ئەوەی نەبێتە کۆیلەی کەس دەبێ غیرەت بنوێنی، نانی سەربەرزی بەدەست بێنی، ڕیشەی تەمبەڵیش لە بن دەربێنی. لێرەدا پەیوەستبوونی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت بە واقیعی کۆمەڵگە، هەست بە لێپرسینەوە دەکات لە ئاست ئەو دواکەوتوویی و تەمەبەڵی و هەوڵنەدانی تاکەکانی کۆمەڵ، کەبە هۆکاری ماڵوێرانکاری دادەنێت، بۆیە هۆشیاریان دەکاتەوە ئێستا کاتی دانیشتن و تەمبەڵی نییە، هانیان دەدا هەوڵبدەن و تێبکۆشن بۆ پێشخستنی کۆمەڵ و گەیشتن بە ئامانج، چونکە تا هەوڵنەدەن ناتوانن بگەن، بە ئامانجەکانیان لە ژیاندا.

هەروەها (قانع) لە شیعری (پێنج هۆی ڕزگاری)دا باس لە یەکگرتوویی کۆمەڵ دەکات، کە یەکێکە لە هۆکارە گرینگەکانی سەرکەوتنی کۆمەڵ، چونکە کۆمەڵ دابەش دەبێت، بۆ چەند چینێکی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە لەسەر بناغەی چینایەتی، بۆیە شاعیر ئەو جیاوازییە ناهێڵێ و دەڵێت:

**کۆمەڵانی کوردەواری ئەمڕۆ یەکیان گرتووە**
**کاسب و جوتیارو پاڵە و ، پیشەسازو خوێندەوار** (قانع: 1396: 326)

لێرەدا شاعیر دڵسۆزی خۆی دەنوێنێت و داوای یەکگرتن لە چینەجیاوازەکانی کۆمەڵ دەکات، تاوەکو وەک هێزێکی گەورە و کاریگەر بەرامبەر دوژمنان بوەستن و بتوانن بەرگری لە مافەکانیان و نیشتمانیان بکەن. شاعیر ئەو کێشە نەتەواتییەی کە بڕوای پێ بووە، وەکو فەلسەفەیەکی بونیادنەرانە سەیری دەکردو بەحەتمیەتی قۆناغێکی فیکری دادەنا.

**2-4- کێشەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا:**

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لەسەدەی ڕابردوودا بەحوکمی دواکەوتوویی و داگیرکاری و هەژاری و نزمی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە، پێشێلکردنی مافی ئافرەتان یەکێک بووە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئافرەتان بەشێوەیەکی زۆر دووچاری ستەم و چەوساندنەوە ببوونەوە، جا چ لە لایەن کەسووکار یاخود لە لایەن کۆمەڵگەوە بووبێت، لەم بارودۆخەدا (قانع) درکی بە هەستیاری ئەم بابەتە کردووە و هەوڵی داوە بەجۆرێک وێنای ئەم دیاردەیە بکات و کۆمەڵ لە ئاکامە خراپەکانی هۆشیار بکاتەوە، بۆ نموونە شاعیر لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە شیعرەکانیدا باسی هیلاک وماندووبوونی ئافرەتی کۆمەڵی کوردەواری دەکات:

**ئەو کچانە ، کە ئێستە ئەی بینی**
**چەندە نازدارو نازک و شەنگن**
**حەیفە وا پۆل بە پۆل لە بێگارا**
**زەرد و ژاکاو ، زیز و بێ ڕەنگن**
**پاڵەوانی بەهێزی کاریگەرن** (قانع: 1396: 153)

(قانع) ئەو ئەرکە ڕەخنەییە دەگرێتە ئەستۆ لەبارەی چەوساندنەوەی ئافرەت لە ژیانی کۆمەڵی دواکەوتوودا، لە زمانی ئافرەتێکەوە بە ناوی ( نەسرین) سکاڵای ئافرەتمان بەدەست نەهامەتی و نەزانی و چەوسانەوە، بەم شێوەیە بۆ دەخاتە ڕوو:

**ئەوەڵ تا ئاخر، ئێمە هەر دیلین**
**ژیان سووتاو و زار و زەلیلین**
**ئێمە ناوێرین بڵێین ئینسانین**
**دایکی دواڕۆژ ، دەستەی لاوانین** (قانع: 1396: 266)

شاعیر تەنها بەخستنە ڕووی دیمەنی چەوساندنەوەی ئافرەتەوە ڕاناوەستێت و لە زمانی ئەوانەوە داوای یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاودا دەکات و مافی دەنگدانیشی لە هەڵبژاردندا هەبێت، تا بتوانن بخوێنن، لەم ڕووەوە لەگەڵ پیاوا جیاوازیان نەبێت و بەشداری ژیان بن، بۆیە دەنگی بەرز دەکاتەوەو دەڵێت:

**حسابمان بکەن ، بۆ هەڵبژاردن**
**ڕۆژی ئینتیخاب بۆ زانین**
**هەروەکو بەشەر پێمان بخوێنن**
**لەسەر خۆڕایی مەمان ڕەنجێنن**
**ئێمەش وەکو کوڕ حەز لە ژین دەکەین**
**حەز لە زانین و تێکۆشین ئەکەین** (قانع: 1396: 266-267)

شاعیر ئەوەندی بۆی کرابێ باسی سەربەستی ئافرەتی کردووەو داوای لەناوبردنی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کردووە، کە ئافرەتی کوردی پابەندی ڕژێمی دەرەبەگایەتی کردووە، گیروگرفتەکانی ئافرەتی بە کێشەیەکی ترسناک زانیوە، بۆیە داوای کردووە، لە هەموو بارودۆخێکدا لەڕووی مافەوە پارێزراوبێت و سەربەست بکرێ، بۆ ئەوەی گۆڕانی ڕیشەیی لە کۆمەڵدا بەرپابێت.

لە وێنەیەکی تردا دیمەنێکی سەیرمان دەربارەی ئافرەت بۆ دەخاتەڕوو، ئەویش گوایە بەپێی بیری دواکەوتووی کۆمەڵی چەوساوەکان، ئافرەت سودی نییە و لە دایک بوونی خەمباری و ناخۆشیە:

**کچی بەستەزمان دەوری ژیانی**
**سینەماییەکە ئەگەر بزانی**
**کە لە دایک بوو ، ئاهەنگی نیە**
**ئەڵێن :ئای کچە! فایدەی چییە ؟** (قانع : 1396: 270)

تەنانەت ئافرەت لەکۆمەڵی چەوساوەو دواکەتوو، ئەگەر نەخۆشیش بکەوێت، نابێت چارەسەر بکرێت و هەر بۆ ئیش و کارەکەرییە:

**بۆ ئیشی ناوماڵ، بۆ هاتووچۆی دەر**
**ئەمیش پێویستە لە جێی کارەکەر**
**سەد ساڵ نەخۆش بێ، نابینێ دەرمان**
**لە جێی دڵخۆشی هەر چەپۆک لێدان** (قانع : 1396: 270)

شاعیر لەلایەنێکی تری دواکەوتوویی و نەریتێکی ناڕاستی کۆمەڵگامان بۆ دەخاتەڕوو، ئەویش بەزۆر بەشودانی ئافرەتە، کە

مایەی چەوسانەوەی ئافرەتە، لە لایەک پارە وەرگرتن و لە لایەکی ترەوە گوێ نەدان بە پرس و ڕای ئافرەت، لە بە شودان و شیر بایی وەرگرتن کە بۆ لایەنی دووەمیش بارێکی قورسە:

**با، بێمە سەر باس ژن مارە بڕین**

**نەک مارەبڕین، بە پارە کڕین**

**جاران ڕەسم بوو، ژن بە خۆڕایی**

**شەرعەن حەرام بوو، پارەی شیر بایی** (قانع: 1396: 314)

بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**پێتان ئەخوێنن ، زۆر بە ئارەزوو**

**بە مەیلی خۆتان ، ئەتان دەن بە شوو** (قانع : 1396: 311)

لەم شیعرەدا شاعیر (خوێندن و بەشودانی کچ) خستۆتە یەک تای تەرازووەوە، چونکە لە ڕابردوودا دیاردە کۆمەڵایەتییە سواوەکە لە زۆر شوێنی کۆمەڵەکەماندا هەیە، کە بە زۆر و بە بێ ویستی کچان دەدرێن بە شوو، کە زۆرترین کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوەو مێژووش ئەمەی سەلماندووە، ئەو گرێ کوێرەش لەو کاتەدا زۆر گەورە بووە، شاعیر درکی بەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە کردووە و دەیخاتە ئاستی خوێندنی (کچانەوە) لەو سەردەمەدا خوێندنی (کچان) زۆر بەئەستەم بووە، وەکو شووکردنی(کچان)بە ئارەزووی خۆیان، هەر لەو شیعرەدا شاعیر درۆشمێک بەرزدەکاتەوە بەرچاو ڕوونی کۆمەڵتان دەدەمێ، کە درەنگ بێ، یان زوو ئەو دوو خواستەتان دێتە دی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (قانع)کە باس لە ئافرەت دەکات، لە دیدێکی سۆسیۆلۆژیانەوە سەیردەکات، وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، دەیەوێ ڕۆڵی ئافرەت لە ناو کۆمەڵدا بەرزکاتەوەو دەیکاتە ڕێگەی ڕزگاربوون و پێشکەوتنی کۆمەڵ و چارەسەری کێشەکان، دەیانهێنێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان، لە دابونەریتە دواکەوتوەکانی کۆمەڵ ڕزگاریان دەکات، لە هەموو بارودۆخەکانی ژیان لە خۆشی و ناخۆشیدا لەتەک پیاوان هەوڵدەدەن و تێدەکۆشن و جیاوازیان لەتەک پیاودا ناهێڵێت و دەیکاتە هاوڕێی خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن وەک دەڵێت:

**کچ ئەگەر وەک کوڕ نەکا سینگی بە قەڵغانی گولە**

**زەحمەتە تەنیا بە کور ئیشی گەلت بۆ سەرکەوێ** ( قانع: 1396: ٥٦٧ ).

## 5-2- ڕەخنەگرتن لە نەبوونی دادپەروەری.

شاعیر لە ڕێگەی خستنە ژێر پرسیاری سیستەمی دەستهەڵات و نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری لە وڵاتدا، وێنەیەکی بەرجەستەی واقیعی کۆمەڵ لەسەردەمی خۆیدا بە ئێمە دەگەیێنێت، چونکە کاتێک سیستەمی فەرمانڕەوایی لە وڵاتدا لە خزمەتی تاکەکانی کۆمەڵدا نەبێت، ئەوا دادپەروەری دروست نابێت و ئەوکاتەش یاسا ئەرکی خۆی بەیەکسانی ڕانەپەڕێنێت، چونکە یاسا تەنها لە بەرژەوەندی کۆمەڵە کەسانێکدا دەبێت و هەژاران و تاکەکانی خوارەوەی کۆمەڵ مافەکانیان دەچەوسێتەوە.

شاعیر دژ بە حوکم و دەستهەڵاتی ئەوسەردەمەی دەدوێت کەببونە مایەی فەسادی کۆمەڵ و دەڵێت:

**ئەی دوژمنی گەل! تاجری شەڕ! جەبری ستەمکار**

**ئەی مێردەزمەی شانی هەموو ڕەنجبەر و جووتیار**

**ئەی بێ بەزەیی! چەشمەیی فەساد و خەیانەت**

**ناپاکی بێ ڕەحم و ، جەفا کردد و خوێن خوار** (قانع: 1396: 96)

شاعیر هۆی چەوساندنەوەی کۆمەڵ و دواکەوتنی وڵات لە بەتاڵان بردنی سامان و نەوتی وڵاتەکەدا دەبینێت، کە دەچێتە گیرفانی وڵاتە زلهێزەکانەوە و گەلیش مایە پووچ و برسی، بێجگە لەوەی کێشەی چەوساوەکانیشی بەستاوەتەوە بە کێشەی نەتەوەکەی ئەمجا دەڵێت:

**بۆ نەوێری بڵێی کە من کوردم**

**میللەتێکی بەغیرەت و گوردم**
**یا ئەبێ بۆچی نەوتی دزراوت**
**مایەکەی بەش بکەن لەبەر چاوت**
**بۆچی ئاڵتون وزیوی ئەم خاکە**
**وا لە گیرفان و نۆشی کۆلالە**
**یا فەلای بەش خوراوی ماندووی پیر**
**نانە جۆیەکی بۆ نەبێ دەسگیر** (قانع: 1396: 325)

لێرەدا مەبەستی وروووژاندن و بە ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵە، بە مەبەستی گۆڕانکاری لەم سیستەم و واقیعەدا، بۆیە وەرگر هاندەدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە، خوێنەر تووشی بەخۆداچونەوە دەکات، بەشێوەک بتوانێ لەبەردەم ئەم جۆرە واقیعەدا هەنگاوی دروست و بونیادنەر بهاوێ و ڕۆڵی لە گۆڕانی سیستەمی دواکەوتووی کۆمەڵ هەبێت.
شاعیر کێشە جەوهەریەکانی کۆمەڵ دەخاتەڕوو دەچێتە قووڵایی کۆمەڵەوە بۆ ئەوەی ئەو کێشەکانە لەبەرچاو بگرێت، کە کۆمەڵ بەدەستیانەوە دەناڵێنن و تاکو باشتر لێیان تێبگات، وەکو پێویست کار لە چارەسەرکردنیان دەکات ، بەزمانێکی سادەو ڕوون کە لە زمانی گشتی خەڵکەوە نزیکبووە بۆ ئەوەی زۆربەی خەڵک بەئاسانی لێی تێبگات، پەیامەکانی ئاڕاستەدەکات، بەمەش نزیکتردەبێتەوە لە کۆمەڵ، بۆیە شاعیر وەک قەوارەیەکی یەکگرتوو دەڕوانێتە کۆمەڵ و بە ناخیدا ڕۆدەچێت و وێنەیەکی واقیعیانە و ڕاستگۆیانە دەگرێت بۆ چارەسەری ناتەواویەکانی.
(قانع) هەمیشە خۆی بە ڕۆڵەیەکی هەژاری نەتەوەکەی زانیوەو لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجەو مەینەتیەکانی ئەواندا ژیاوە، بۆیە تێدەکۆشێت هێنانەدی کۆمەڵگایەکی یەکسانی و دادپەروەری و سەربەستی و ئازادی تێدابێت بۆ ڕزگاربوونی کۆمەڵگاکەی لە دەست چەوساندنەوەو ژێر دەستەیی بووە، بۆیە لەم ڕووە لای لە مناڵی هەتیوو و بێ باوک و بێ دەرەتان کردۆتەوە، بەتایبەتی لە جەژن وشادیدا، بەم شێوەیە وێنەی تراژیدی ژیانیان دەخاتەڕوو، کە ئۆباڵی لە ئەستۆی حکومەت و دەستهەڵاتە، لەبەر گەندەڵی خزمەت بەکۆمەڵ ناکەن:
**جەژن ڕۆژێکە ڕۆژی شادییە**
**ڕۆژی سەیران و دڵ ئازادییە...** (قانع: 1396: 264)

**پاشان دەڵێت:**
**ئەمما بۆ هەتیو ، ڕۆژی زارییە**
**ڕۆژی گریان و بێ قەرارییە**
**نەدایک سەر و جلی**
**ئەشۆرێ**
**نەباوکی هەیە ، بەرگی بۆ بگۆڕێ**
**نەپارەی هەیە ، بیبا بۆ سەیران**
**هەروەکو باقی دەستەی هاوسەران**
**بەبێ خمخۆر و بێ پشت و پەنا** (قانع: 1396: 264-265)

شاعیر لە ئەنجامی نیشاندانی ئەم دیمەنە جیاوازانەی ناو کۆمەڵەوە، پەیامی ئەوەیە دەیەوێت پێمان بڵێت، ئەو جۆرە واقیعە قابیلی قبوڵ نییە و دەبێت چاکسازی تێدا بکرێت، دەیەوێت هانی ئەو لایەنانە بدات، بە دڵسۆزییەوە هەوڵی هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵ بدەن، چەوساندنەوە کۆتایی پێ بێت.

### 6-2- هاندان، بۆ خەبات و تێکۆشان، بۆ بەدەسهێنانی یەکسانی و دادپەروەری.

لەبەر ئەوەی گەلی کورد بە درێژایی مێژوو، هەر لە ژێر کاریگەریەکانی جەنگ و ئاژاوەو داگیرکاری و خوێنڕێژیدا بووە،

ئەمەش دیاردەیەکە جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە لای شاعیران، بۆیە (قانع) درکی بە کاریگەرییە خراپەکانی ئەو شەڕ و خوێنڕێژییە کردبوو، بەتایبەتی ئەو جەنگ و ئاژاوانەی کەلە سەردەمەکەی خۆیدا ڕوویداوە، بۆیە گوزارشت لە خەمە خودیەکانی خۆی و خەمەکانی سەردەم و تاکەکانی کۆمەڵەکەی دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش دژی ئەم شەڕ و خوێنڕێژییە دەوەستێتەوەو بانگەواز بۆ خەبات و تێکۆشان دەکات، بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان و دادپەروەری.

ئەوەتا شاعیری چەوساوەکان هۆی چارەسەری و بنبڕکردنی ژیانی چەوساندنەوە و کۆیلایەتی و دیمەنی جیاوازی چەوساندنەوەی ژیانی زەحمەتکێشانی وڵاتەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکگرتن و یەکێتی و تەکبیرو یەک ڕایی، بۆیە ڕزگاربوون لە یەکگرتندا دەبینێ:

**یەکگرن ئەی چینی جووتیار یەکگرن**

**یەکگرن ڕۆڵەی کرێکار یەکگرن** (قانع: 1396: 89)

پاشان وەکو مامۆستایەکی ڕابەر و ڕۆشنبیر، دێتە سەر دەستنیشانکردنی پیلانی ڕزگاری چەوساوەکان، ئەویش بەجیاوازی نەکردن لە نێوان چینەکانی کۆمەڵ، کە هەموو پێکەوە بە ڕۆشنبیرەوە تاکو شوان و سەپان بەژداری لە ڕزگاری کۆمەڵ بکەن، بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری وەک دەڵێت:

**هەڵگرن پاچ و چەک و قەڵەم**

**هەر لە ڕۆشنبیر هەتا شوان و سەپان**

**هەڵتەکێنن ئەم نیزامە بۆگەنە**

**دابڕێژن کۆشکی یەکسانی ژیان** (قانع: 1396: 87)

شاعیر بیری سۆشیالیستی بە چارەسەری کێشەنەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵ زانیووە، بۆیە نەوەکانی داهاتوو هاندات بۆ خۆ پڕ چەککردن بە زانست و ڕۆشنبیری، دوورکەونەوە لە شەڕ و ئاژاوە لە سایەی ئاشتیدا پێکەوە بژین، شاعیر کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵی چەوساوەکانی، وەکو فەلسەفەیەکی بنیادنەرانە سەیر دەکردو بە قۆناغێکی فکری دادەنا، بۆی لەم پێناوەدا بە ئامادەییەکی تەواوەوە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی سەربەستی، گیانی فیدادەکات و کفنی مەرگ لە خەبات و تێکۆشان دەپۆشێت و بێ باکانە دەڵێت:

**ئامادەیی مەیدانم و ئەم بەرگە کە پۆشیم**

**کفنە ، نەوەکو چاکەت و پانتۆڵە لەبەرما (قانع: 1396: 98)**

لێرەدا وەستانەوەی دژی جەنگ و خوێنڕێژی و خەبات و گیان فیداکردنی و لە پێناو سەربەخۆیی و دادپەروەری ئاماژەدانە قوربانیدان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل. شاعیر گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی، کە کۆشکی پۆڵاینی چەوسێنەران بەرامبەر هێزی باوەڕو کۆششی چەوساوەکان دەبێتە گەردی بە ور ئاسا و دادەڕمێ و خۆی ڕاناگرێت و هەرەس دەهێنێت و دەڕووخێت:

**بەهێز و کۆششی کارگەرانم**

**قەڵا پۆڵا ئەبێتە گەردی بانان** (قانع: 1396: 90)

لەسەر ئەم بیروباوەڕەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**چ خۆشە ! دەستی ڕەنجبەر ڕای ئەکێشێ**

**لە قەسرا ، قاسەیی ئاغا بە تاڵان**

**وەرن ! کارگەرانم ، هەروەکو شێر**

**دەری بێنن خەزێنەی لۆردی شاران** (قانع: 1396: 93)

شاعیر بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی گەل و نیشتمان، داوا لە تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی دەکات یەکگرن، چونکە حاڵی کورد وێرانە، شاعیر هەموو چینەکانی کۆمەڵی بەیەکەوە گرێ داوە، پێیوایە گەلی کورد سەرناکەوێ، ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانی گشت چینەکانی کۆمەڵ بەشدار نەبن، نیشتمان پێویستی بە هەموومانە بێ جیاوازی:

**شوان و سەپان و ئاغا، سەردار و میر و گاوان**

**گەر یەک نەگرن هەمووتان وێرانە حالی کوردان** ( قانع: 1396: ٥٧٠ ).

دەرخستن و پیشاندانی واقیع لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی بەرز کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر وەرگر هەیە، چونکە لە پرۆسەی سۆسیۆلۆژیای شیعردا وەرگر وەک هاوبەشێک لەم پرۆسەیەدا سەیر دەکرێت، ئەمەش ڕادەی سەرکەوتنی شاعیرە، کە هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەزموونی خۆیەوە لە ژیاندا ڕێگایەکی ڕووناک پیشانی کۆمەڵەکەی بدات و لە مەترسیەکانی دەستبەردار بوونی کۆمەڵ لەو بەها و ئاکارە مرۆڤایەتییە بەرزانە ئاگادار بکاتەوە.

## 2-7- قوربانیدان و لە خۆ بردوویی لە پێناوی ئامانجە ڕەواکاندا

کورد بەدرێژایی مێژوو لە پێناو وەدەست هێنانی مافەکانی قوربانی داوە ، (قانع)یش وێنەی ئەو قوربانیدان و خەباتکردنەی گەلەکەی دەکێشێت. ئەویش لە دیمەنی ڕووداوێکی مێژوویی، کە بە ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلولی ساڵی ( 1930) ناسراوە، دژی هەڵبژاردنە ساختەکەی دامودەزگای پاشایەتی، کە خواستەکانیان داواکردنی مافەکانی میللەت بوو. شاعیر پابەندە بەو واقیع و سەردەمی کە تیایدا ژیاوە، بۆیە لەو ڕووداوەدا هەڵوێستی خۆی دەنوێنێت و ئەو ڕۆژ و ڕووداوەمان بۆ تۆمار دەکات، لە مێژووی خەباتی گەلی کورد و هانی ڕۆڵەکانی دەدات بۆ تێکۆشان و تۆڵە سەندنەوەو بەرگری کردن لە نیشتمان و وێنەی ئەو واقیعەمان بۆ دەگرێت، کە چۆن کورد لەلایەن داگیرکەرو دوژمنانەوە دەچەوسێنرێنەوەو زوڵم و ستەمیان لێ دەکرێت:

لە کزەی کوردان گلاراوەمە

**ڕۆژەکەی ئەیلول تانەی چاومە**

**لە بیرت نەچێ باخچەی بەرسەرا**

**بە خوێنی کوردی مەزڵوم ئاودرا** (قانع: 1396: 351)

کورد خواستی ئەوەیە خۆی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی بێ، چونکە تەنها خۆی خەمخۆری کێشەی نەتەوەی خۆیەتی، نەک کەسانی تری سەر بە ڕژێمی پاشایەتی، چونکە داواو مافەکانی گەلی کورد لەگەڵ بەرژەوەندی ڕژێمی داگیرکەردا نەدەهاتەوە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک لە دژی خواستەکانیان وەستاون و ڕەتی داواکانیان کردەوە، بۆیە لەم ڕۆژەدا بەناحەق خوێنی جەماوەری ڕاپەریوی، ئەم شارەیان ڕشتووەو بەتوندرین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون. (قانع) دوای پیشاندانی ئەو دیمەنە جیاوازانەی ناو کۆمەڵ، بە دڵسۆزییەوە دەیەوێت هانی، ئەو لایەنانە بدات بۆ دڵسۆزی و چاکەکردن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵدا دروستبکەن و گشت ستەم و چەوسانەوەکان کۆتایی پێ بێنن. ئامۆژگاری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەکات کۆڵنەدەن و بەردەوام بن، لە خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە هیواو ئاواتەکانیان وەک، دەڵێت:

**سوێندی پێ بخۆن تا ڕۆژی مردن**

**کۆتایی نەکەین لە تۆڵە سەندن**

**ئەو خاک و خوێنە کەینە نمونە**

**بۆ ئەو میللەتە ئەمرۆ زەبوونە.** (قانع: 1396: 351)

شاعیر کۆڵنادات و چاوی بڕیوەتە ئایندەو گوڕو تینی ژیان بە گەلەکەیان دەبەخشێت و دەڵێت:

**با لەناو پەڕەی مێژوو بمێنێ**

**کورد تۆڵەی خوێنی بە خوێن ئەستێنێ** (قانع: 1396: 351)

لێرەدا شاعیر نایەوێ گەلەکەی چیتر لە واقیعێکی نەویستراودا بژین، بەڵکو لەم پێناوەدا بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن و خۆیان بەخت دەکەن و قوربانی دەدەن و هەموو توانستە مرۆڤایەتیەکانی خۆیان بەکاردەخەن بۆ گۆڕانکاری لەو واقیعە نەویستراوە بۆ شێوەیەک، کە خۆیان دەیانەوێت. مەبەستی شاعیر لە پیشاندانی ئەم دیمەنانە، بۆ ئەوەیە دەیەوێت، ئەو هۆکارو پرسیارانە بخاتەڕوو، کە بۆتە هۆی ئەو دارمانەی گەلەکەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئابووری و ڕۆشنبیری بە پلانی تێکدەرانەی دەرەکی و ناوەکی کە دووچاری بۆتەوە، بۆیە دەیەوێت ئەوە لای وەرگر بورژێنێت، بۆ ئەوەی کار لە ئاکار و ڕەفتاری بکات، بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە دارمانی کۆمەڵگە و بەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵ لەو مەترسیانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمەش یەکێکە لە ئەرکەکانی شاعیری سەرکەوتوو لە سۆسیۆلۆژیای شیعری، خۆشەویتی خاک و نیشتیمان و

نەتەوە لای شاعیر بەشێوەیەکە، دەیەوێت نەوەکانی داهاتووی بۆ خەبات و قوربانیدا، لە پێناو گەل و نیشتمان بۆ بەرز ڕاگرتنی خاک و نیشتمان پەروەردەبکات و بۆ ئەو ئامانج و مەبەستە گۆشیان بکات.

**ئەنجام:**

**لە توێژینەوەماندا گەیشتین بەچەند ئەنجامێک لەوانە:**

**1- شاعیر** لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە توانیویەتی گوزارشت لە سەردەمی خۆی بکات، لەسەرجەم ئەو قۆناغە شیعریانەی، کە پێیدا تێپەڕ بووە، ئەو پێوەندییەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ هەست پێدەکرێت، لە کۆمەڵەکەی دانەبڕاوە، کاریگەری ژینگەی دەوروبەر و ئەزموونەکانی ژیانی، بوونەتە سەرچاوەیەکی بەهێز لە پرۆسەی داهێنانی شیعریدا، وەک لە سۆسیۆلۆژیای شیعرەکانیدا دەردەکەوێت، جیهانبینیەکەی سەر بە چینە هەژارەکەی کۆمەڵەو گوزارشت لەو کۆمەڵە دەکات کە ئینتمای بۆی هەیە، بۆیە هەمیشە هەست بە زیندویەتی کارەکانی دەکرێت.

**2-** قانع وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی، خۆی لە چینی چەوساوەو هەژارەکاندا بووە، بۆیە هەوڵیداوە بەزمانێکی سادەو پاراو و کێش و سەروایەکی ئاوازدار، بۆ زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بنوسێت و مەبەست و پەیامەکانی بگەیێنێت، ئەمەش وا لە وەرگر دەکات، لەخوێندنەوەدا چێژ لە شیعرەکان وەربگرێت و نەمری بەبەرهەمەکانی ببەخشێت.

**3-** شاعیر ویستویەتی کۆمەڵەکەی لە ئاست ئەو بارودۆخەو دواکەوتوو و وەستاوەی کە تێی کەوتوونە، هۆشیارکاتەوەو بەئاگایان بێنێتەوە، بۆ گۆڕانکاری لەو واقیعەو بنیادنانی واقیعێکی باشتر، بۆیە ڕەخنە ئاڕاستەی ئەو واقیعە دەکات، ئەمەش ڕادەی شۆڕبوونەوەی شاعیرە بۆ نێو واقیعی کۆمەڵ دەست لەسەر برینەکانی کۆمەڵەکەی دابنێت.

**4-** قانع هەوڵیداوە لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە هانی کۆمەڵگەکەی بدات بۆ خەبات و تێکۆشان، بۆ ئەوەی یەکسانی و دادپەروەری بەدەست بێت.

**سەرچاوەکان**

**بەزمانی کوردی:**


- ئەحمەد، خورشید ڕەشید،1989، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردی دا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی الجاحظ، بغداد.
- ڕەسول، شوکریە، 1989، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي، اربيل.
- سالح، ئاوارە کەمال، 2012، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- قانع، بورهان،1396، دیوانی قانع شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، سنە- کتێبی میدیا- خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلیمانی.
- کەریم،ئازاد عەبدولواحید،2005، سۆسیۆلۆژیای شیعری لە ڕوانگەی پێوەرە ئاکارییەکانەوە(نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،چاپی یەکەم، هەلێر.
- مەحموود، مەجید، 2008، شیعر و فەلسەفە، وەرگێرانی فوئاد مەجید میسری، دەزگای چاپ و بەخشی حەمدی، چاپی دووەم.

**گۆڤار**

- سەجادی، بەختیار،2001، ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ ، گۆڤاری ڕامان، مانگانەیەکی ڕۆشنبیری ئازادە، ساڵی (5)، ژمارە (55).

**بەزمانی عەرەبی:**

- ابوشقرا، محيى الدين يوسف،2005، مدخل الى سوسيولوجيا الادب العربى(المرحلة الثانوية)(الغزل- المديح-الهجاء: نموذجا)، المركز الثقافي العربي، الطابعة الاول، الدار البيضاء، المغريب.
- حجازى، د.سمير سعد،2004، الادب والمجتمع المعاصر في المصر، دار طيبه للنشر و التوزيع والتجهيز العلميه.
- حمو، حوريه محمد، 1988، حركة النقد المسرحي في السورية (1967-1988)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب.
- الطالب، عمر محمد،1993، المذاهب النقدية (دراسةوالتطبيق)، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل.
- يسين، السيد، 2007، التحليل الاجتماعى للادب، دار العين للنشر، الطابعة الثالث، القاهرة.

**المجلات:**

- احمد،د.عاطف،1977،سوسيولوجيا المعرفة:الماهية والمنهج، مجلة العلوم الاجتماعية ، العدد4، السنة الرابعة، جامعة الكويت.
- غولدمان، لوسيان، 1988، بنيوية التكوينية وتاريخ الادب، ترجمة:د.على الشرع، المجلة الثقافة الاجنبية ، العدد الرابع، السنة الثامنة، بغداد.

**المعجم:**

- وهبة، مجدي ،1974، معجم مصطلحات الادب (انجليزي- فرنسي - عربي) ، مكتبة لبنان، بيروت.

**سوسيولوجيا الشعر (أشعار قانع أنموذجا)**

**سروشت جەوهەر حەويز**
قسم اللغه الكرديه، الكليه التربيه، الجامعه كويه، اقليم كردستان–عيراق
Srusht.jawhar@koyauniversity.org

**الملخص**

يأتى هذا البحث كمحاولة لقراءة أشعار( قانع ) من الناحية الاجتماعية، بحيث تظهر أبعاد المجتمع من كل النواحي، لأن هذا النوع من الدراسة يبين علاقة الشاعر بالمجتمع، و يعد قانع من أشهر الشعراء الذين حاولوا التأثير على المجتمع من خلال أشعاره ، و كان دائما يحاول أن يزيد من وعى المجتمع بتغيره نحو الأفضل و كان يحمل هذه المسئولية، (قانع )من الشعراء الذين حاولوا توعية المجتمع من خلال النصح و الثورة على الذات و القارىء لأشعاره يلمس هذا الشعور بشكل واضح، والأوضاع السائدة آنذاك جعلت الشاعر أن يكون هدفه المجتمع من خلال توعيته و انعكاسه كان جليا.

أما منهج البحث فقد سلكنا فيه المنهج التاريخي في التحليلي ، و فى الاستنتاج أوضحنا أن سوسيولوجيا الشعر إنما هي البحث و العلاقة بين الأدب و المجتمع، بحيث تظهر التوعية بين طبقات المجتمع، و هذا ما جعل الشاعر أن يبلغ رسالته للمجتمع.

**الكلمات المفتاحية:** علم الاجتماع، الشعر، قانع، المجتمع، البيئة.

**The Sociology of Poetry: The Poems of Qani as an Example**

**Srusht Jawhar Hawez**
Department Kurdish language, College of Education, Koya University/ Kurdistan Regional Government/Iraq
Srusht.jawhar@koyauniversity.org

**Abstract**
This study attempts to analyse the poetry of Qani from a sociological perspective, highlighting the multidimensional relationship between the poet and society. It explores how Qani, one of the most renowned poets, sought to influence social consciousness through his poetry, consistently striving to raise awareness and inspire positive societal transformation. His works reflect a profound sense of responsibility, as he employed poetry as a means of enlightenment, self-reflection, and critique. Readers of his poetry can clearly discern this commitment to social awareness.
The socio-political conditions of his time shaped his poetic vision, making social engagement and collective awareness central themes in his work. Methodologically, this research adopts a historical-analytical approach to examine the intersection between literature and society. The findings underscore that the sociology of poetry investigates the intricate relationship between poetry and social structures, revealing how poetic expression serves as a tool for social awareness across different societal strata. This study concludes that Qani's poetry was instrumental in conveying messages of social consciousness and transformation.
**Keywords**: Sociology, Poetry, Qane, Society, Environment.